# لەبەر ئاوازێک
# نایەوێ ببێتە گۆرانی

تەڵعەت تاهیر

# لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی

شیعر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

تەڵعەت تاهیر
لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی – شیعر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٣٢
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٥٣٧ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: بۆکان نووری

# گوزەرێک بەنێو نێوە جوانەکانەوە

د. سەروەر عەبدوڵڵا

ئەگەر شاعیر نەیەوێ وەک پەناهەندەیەک بە سەفت و سووکی ڕێ بکا بەرەو وێستگەکانی خوێنەر، ئەگەر نەیەوێ خۆی و وردە پریاسکەی پەیڤەکانی لەژێر بارانی ترس و دڵەڕاوکێ تەڕ ببێت، ئەگەر نەیەوێ خەونە ورد و درشتەکانی بکاتە میسینجەرێک نێوان خۆی گشت شار و شەقام و کوچە و کۆڵان و هەسارەکانی ئەم گەردوونە، ئەوا جەستەی ئەو شیعرەی لە باخەڵی چاکێتەکەی خۆیدا هەڵی گرتووە، بە بریندار و شکست و پڕ نشوستی دەیگەیەنێتە بەردەرگەی داخراوی ماڵی خوێنەر. کەواتە شاعیری ڕاستینە بە میکرۆکرۆمی ڕوحی خۆی هەموو کات لە وێناکردنی مان و نەمانی خودی خۆی دایە، هاوسات بەردەوام هەڵوەدا و متووی ئەو ساتە وەختەیە بە دەنگ و گوڵوازی ڕەنگی خۆی، بگاتە خوێنەر و بە هێوری گوزەر بەنێو نێوە جوانەکانییەوە بکات، باوەڕی ڕەهای بەوە هەبێت ڕۆیشتن بە شوێن پێی شەیتانی شیعردا، ڕۆیشتنێک نییە بەنێو کێڵگەی مین و قەزاوقەدەر، ئەم ڕۆیشتنە ئارەزوویەکە، نیقمەت نییە و نیعمەتە، ڕەشمەی متمانە بۆ ویستی ئارەزوو و ئازادی بەرەڵڵا دەکات و لەزەتی نیوان ژن و پیاو دوای نەرمە باران خۆشتر دەکات و بۆنی پێدەشت و پەلکەگیاکانیشی دەتباتە وڵاتی سیدهارتا، یان نیگای شتەکان بۆ زەمەنی یەکەم لەدایکبوون دەگەڕێنێتەوە، عەقڵیش لەو مانا ڕێساییەی ڕزگار دەکات، کە غەیری مرۆڤ بکاتە سەرچاوەی هەبوون و نەبوون، ئەو مانا بێ مانایە سەیر و سەمەرەیەی هەزاران ساڵە مرۆڤی گوناح لەخشتە دەبات. شاعیری راستینە ئەو شاعیرەیە لە زنجیرەیەک ئەزموونی شیعری بێشومار پرۆسەی نووسینی خۆی دەباتە سەر، خۆ ئەگەر دەرک بە شکستی ئەزموونێک لە ئەزموونەکانی خۆی بکا، ئەوا خۆی لە بوون بزر ناکات، مینەتباری

هەتوانێ نابێ پینە و پاسا و بۆ ساتمەکەی بکا، بگرە شیعری ئەو شاعیرە وەک جوتمیلی کاتژمێرێک کە دەگاتە چرکۆچکەی سفر، دیسانەوە سەرلەنوێ بۆ ئەزموونێک، یان بۆ تێکستێکی تازە دەپەڕێتەوە، وەک شەپۆلەکانی پۆسایدۆنێک ناتوانێت بێدەنگ و بێڕەنگ هەڵبکات.

جیهانی ڕاستینەی شیعری تەڵعەت تاهیر لە سەرەتای نەوەتەکاندا لەنێو ڕوحی ئەم پۆسایدۆنە شێت و شین شەڕانگێزەدا لەدایک دەبێ، لەنێو دەستەی ملیاکەتان و بەرەڵڵایی و خەفەت و سەرکێشی و ڕاستگۆیی و درۆگۆیی و بێداری و نەداری و برسییەتی و چەتوونی یاخەگیرییەوە گەورە دەبێ، گەورە دەبێ و بۆیە لە ئاکاریشیدا گەدا مەنتیق دەبێ، زووتر لە وادەی خۆی تێکەڵ بەو خەونە عەجایبە دەبێ کە ئەزموونی شاعیرانی بەر لە خۆی بە کەشتییەکی لەکەڵککەوتوو تێ بگات و بە خەون بکەوێتە وێزەیان، و بیەوێ لەناو زەریایێکی زەبەلاحدا شکست بەو کەشتییەی ئەوان بێنێت و هەزاران میل بۆ ژێرەوەی دەریا ئاوەژۆی بکاتەوە و هەر هەموویان لە قووڵڵاییی پۆسایدۆنەکەی خۆیدا نوقم بکا، وا دیاربوو خەونەکەی ئەو کەوتبووە ژێر کاریگەریی خەون و ئارەزووە هەرزەکار و شپرزە و زووەکانی ئارتۆر ڕامبۆ.

تەڵعەت تاهیر ئەو شاعیرە بوو کە هەرگیز نەیدەویست پێ لە ئەسکەلەی شاعیرانی بەر لە خۆی، یان هاوڕۆژانی خۆی بنێت، بەهەمان ئەو ئسکەلە بپەڕێتەوە بەری ئەوبەر. ئەو شاعیرە ئەگەرچی ئەو کاتانەی دەستی بەشیعرنووسین کرد ئەوەندە کڵوڵمەزەندە نەبوو لەوەی بزانێت شیعر هەر تەنیا لەلایەن شاعیرانەوە هەڵناسەنگێندرێت، ڕەخنەکار و تیوریستی شیعریش هەیە، لە هەموویانیشەوە لە پێشتر و گرینگتر خوێنەر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە گرێکوێرەی گرینگی دید و بۆچوونی شاعیرانی چواردەورەی خۆیشی نەدەبووەوە، تا ڕادەیەک بێباک نەبوو لە ناوەندە شیعرییەکەدا لەوەی ئەو وەک شاعیرێکی ڕچەشکێن دانیپێدا بنێن، یان دانیپێدا نەنێن، دواتر ئەم شاعیرە و وردە وردە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو زێتر کەوتە گەشەپێدانی ڕۆشنبیری خۆی و کەوتە ئەوەی کەمتر چەتوون بێت، بەڵام بێباکتر بەنێو کۆڵانە جوانەکانی شیعردا تێ بپەڕێت و زیاتر لەوەش، لەوە تێ گەیشت جیهانی شیعر و شاعیران نەکەشتییە نە سەوڵ و بەلەم، بگرە ئەو جیهانە تایبەتە خاکێکی سەوزی فریودەرە و ئەو خۆیشی

یەکیکە لە هاوولاتییەکانی ناوەوەی و ناسنامەی شارستانیەتییەکەیشی ژمارەیەکی تایبەتیی خۆی هەیە. خاکێکە هەموو شتێکی تێدایە خەون و شاعیر و شەراب و شیعر و میعر و ژن و پیاو و ناپیاو و نەفرەتی و سەقەتی و سەقەمی، مەستی و بەخت و بەختەوەری، خاکیکە شەقامی شارەکانی پڕە لە بەرەڵلایی و بێهوودەیی و تەنانەت دز و ئایدز و عەشق و فەنا و سەما و سینەما و ئاین و دوککانی توحەفیشی تێدایە، تاقە شت کە تێیدا نەبێت، هەر تەنیا ڕاستینەیە، کە بە هەق تێیدا نییە، نەبوونی ئەمەشیان بۆ تەڵعەت تاهیر کێشەیەکی زۆر گەورە نەبوو، چونکە ئەو خۆی هەر لە بنەڕەتدا لێی بێزار بوو، حەزی دەکرد هەر تەنیا ئێسک و پرووسکەکەی ڕاستینە ببینێت بۆ ئەوەی بۆی بکرێت بە شیعر راستینەیەکی تر بۆ کاراکتەرەکانی ئەم زەوینە بینا بکا. بەم شێوەیە ئەم کوڕە گەنجەی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوو بۆ ئەدەب بووە سەیاح و سالووک و رەمیدە و گەریدە و لە شیعریشدا زووتر لە سات و وادەی سروشتی خۆی بووە شاعیرێکی خاوەن جیهانبینی و فەرهەنگی تایبەتی خۆی و ترازاو لە کایەی بەرجەستەکردنی تێگە و تێڕامان لە بوون و نەبوونی شتە ورد و درشتەکانی دەور بە خۆی.

ئەوەی زۆر جێگەی سەرنجە ئەوەیە کەوا ئەزموونی شیعری تەڵعەت تاهیر یەکێکە لەو ئەزموونە دیارانەی بەنێو سەختترین قۆناخی شیعری کوردیدا تێ پەڕیوە، ئەم سەختییەش لەوەدا خۆی گوزارشت دەکات کەوا لە کاتێکدا شیعری کوردی لە سەرەتای نەوەدەکان هێشتا زۆری پێویست بوو لە کۆت و بەندی زمان و گوزارشتکرنی سێنتیمێنتالی و نالۆجیکی زمانی شیعری دەربێت، شاعیرێکی وەک تەڵعەت تاهیر هەر زوو دەرکی بەوە کرد شیعر لە بەری شاعیر لەدایک دەبێ، بەڵام لە بەری ئەوبەر کە جیهانی خوێنەرە دەژیێت و ئا لەوێ ڕوح بەخۆوە دەگرێت و بوون بۆ خۆی لەلای ئەو کە وەرگرە بەدەست دێنێ. لە کاتێکدا زۆرینەی کەڵەشاعیرانی کورد لە کەلی سێنتیمێنتالیزمی خۆیان نەدەهاتنە خوارێ، بگرە بە ڕەوت و ئاراستەیەکی زۆر دروستیشیان دەزانی و شانازمەندبوون بە دەستەواژەیەکی سەیر کە ئەو مانایەی بەخۆوە دەگرت، کەوا ئەوان شیعر بۆ خۆیان دەنووسن، یان بەشێوەیەکی ڕیائامێز لەلایەن هەر یەکەیانەوە وا دەگوترا: ئێمە شیعر نانووسین بگرە دەمانووسێتەوە، بە واتایەکی تر ویست و ئیرادەی ئەوان خواوەندی شیعر دەیئاژوا، بەم شێوەیەش ئەم چەمکە ئەو پاساوەی لێ

کەوتەوە، کەوا ئەو ستایلەی ئەوان پێڕەوی دەکەن بۆ نووسین و داڕشتنی شیعری، ستایلێکی موقدەسە و ڕاستتر و دروستترە لە هەر نووسین و ئەزموونێکی تری شیعری، هەلی گۆڕینی بۆ نییە.

بێرِیایی، دەتوانین بڵێین تەڵعەت تاهیر لە پێشەنگی ئەو شاعیرانەیە، کە بێباکانە لاملی لەم پیرۆزییەی دەسەڵاتی ئەم ستایلە باوەی کاتی خۆی کرد و هەر بۆیەش زۆر لە شاعیرانی هاوزەمەنی ئەو بە وردی چاودێری ئەزموونەکەی ئەویان دەکرد بۆ ئەوەی بزانن بەکێوەی دەگەیەنێت، بەکامە هەڵدێری دەبات.

لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەکەم جار لە بەردەم قاوەخانەکەی مەچکۆ بە ناسینی تەڵعەت تاهیر ئاشنا بووم، برادەرێکی زۆر ئازیز ڕاستەوخۆ بەیەکتری ناساندین، منیش دوای ناسینە ڕاستەوخۆکە، لەم برادەرە ئازیزەم زۆر گلەییباربووم لەسەر ئەوەی دەبووایە زۆر زووتر ئەم یاخەگیرەی بە من بناساندبووایە. ئەوسا تەڵعەت تاهیر گەنجێکی باریکەڵەی بیست ساڵەی چەتوون و سالووک بوو، موفلیسیش لە پارە و پوول، بەڵام زەنگین بە خەمی خوێندنەوە و خۆ پێگەیاندن، بێباک و سەربەرز و هەموو کات وەک ئێستای خەیاڵ بەڕەڵڵا و فرەوان، ئەو جیهانی وەک ئیستای بە کۆمێدیایەکی مرۆڤایەتی دەبینی، ئەو هەموو کات دەیتوانی بە خەیاڵە فرەوانەکەی هەموو ئەم گەردوونە لە یەک تێکستیقەدا کۆلۆنیال و کونترۆڵ بکا، بێ ئەوەی یەک سەربازیش لە هەردوو لادا بریندار ببێت، یان بە دیل بگیرێت. بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوە بوو تەڵعەتی شاعیر بەردەوام لەوە سڵی نەدەکردەوە بە خوێنی خۆشی بێت کتێبێکی بە دەست بکەوێت، بەخواستنەوە بێت یان بە کڕین، کتێبێک بێت شتێکی تێدا بێت کەوا هێشتا کەس بەر لە ئەو نەیدۆزیبێتەوە، ئەو هەر لەوساوە ئاماژەکانی زیرەکی و خەمی گەڕان بەدوای پەنهانی و کلیلەکانی شیعری پێوە دیاربوو. بەکەسێ نەدەچوو سادە و ساکار بێت و پێ لە تەختەی چرووک بنێت.

تەڵعەت تاهیری شاعیر لە ساتە وەختێک دەستی بە نووسینی شیعری کرد، ئەزموونی شیعری سینتیمێنتالزمی کوردی لە ناوەڕاستی هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا گەیشتبووە ئاستێکی زۆر بڵند و ئەستەم بوو ئەزموونێکی جیاوازی وا هەبێت بتوانێت بە ساناهی لێیەوە بترازێت. جگە لەمەش ناوەندی

شیعری کوردی تژی بوو لە ئەزموونی بە برِشت و سەرنجراکیش و زەنگین.

ناکرێت ئاوەها بە ساناهی باس لە چۆنیەتیی پرۆسەی نووسینی شیعری بکەین لای تەڵعەت تاهیر، ئەم ستراتیجییەتە دەکرێت زۆر سەرکەوتووتر بێت، کاتێک لە چواچێوەی چەند تێزێکی زانستی کاری بۆ بکرێت، بەڵام خۆ دەکرێت ڕوو لە چەند سەرەداوێک بکەین و باسیان لێوە بکەین کەوا چۆن ئەم شاعیرە کەرەستە خاوەکانی خۆی لە قووڵاییی کانەکانی ڕوح دەردێنێ و دەیکا بە تێکستێکی مۆزائیکی و خوێنەر لەگەڵ فینجانێ قاوە، یان پیاڵەیەک چادا لە باڵکۆنەکەی خۆیدا هەموو دنیای لێ بەدیار کەوێت.

شیعری تەڵعەت هەمووی لە گەمەیەکی بازنەییی سەیر دەچێت، هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەی تێکست خۆی ئاشکرا دەکات، بەڵام زۆر بە زەحمەت قووڵاییی خۆی وەدەست دەدات، خوێنەری ئاسایی وای بۆ دەچێ لە تێکستەکە حاڵی بووە، بەڵام هە زوو لەم تێگەیشتنەی بێهوودە دەبێ و دیسانەوە و دووبارە بە تێکستەکەدا دەچێتەوە و شتی تری لێ دەچنێتەوە و هەڵدەکرێنێتەوە، ئا بەم شێوەیە شیعری تەڵعەت تاهیر دیالێکتی پێوەندی خۆی لەگەڵ خوێنەر زۆر بە سفت و سووکی دروست دەکات، دۆزینەوەی ناسنامە و مۆنادای ئەم جۆرە پێوەندییە نیگەرانەش بە زەحمەت دەکرێت لەم پەلەپەلییەی پێشەکی نووسینە ناونیشانێکی زۆر دروستی بۆ بدۆزینەوە، بێگومان باشترە کارنامەی ئەکادیمیی تر بە هەوڵ و خۆتەرخانکردن بتوانن بەدوای ئەم ناسنامەیەدا بگەڕێن و کاری زۆر فرەوانتری لە بارەیەوە بکەن، بۆیەش من لەم لایەنەوە دەرگەکەی خۆیندنەوەم بە فرەواتر بەجێ دەهێڵم بۆ ئەو لێکۆڵەرە جیدییانەی لە بارن بۆ ئەوەی کاری ئێرکیۆلوجی تر لە پانتاییەکانی ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە ڕچەشکێنە بە ئەنجام بگەیەنن،

شیعرەکانی تەڵعەت تاهیر هەندێ جار ئەو مەودایەی بە خۆوە دەگرت، دواتر لاسایی بکرێتەوە، یان دەبا باشتر بیلێین بوو بە ئەرنۆمێنتکارێک کەسانێک بە شوێن پەنجەی ئەزموونەکەی ئەودا بچن و بتوانن کیمیای خۆڵەمێش لە کیمیای عەشق جیا بکەنەوە و دەنکە هەنارێک لە دیامۆندێکی سوور جوانتر ببینن و خەونێک بە دووربینێک نەگۆڕنەوە، هێشووە ترێیەک بەهادارتر بێت لایان لە دەفتەرە دۆلاریک و بەهەشتێک خۆشەویستی و دۆزەخێک رق نەخەنە دوو چاوی

تەرازوویەکەوە، ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە لە کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی ئەم سەدەی بیست و یەکەمەی ئێمە، وردە وردە چووە خانەی ڕچەشکاندنێک کەوا کەسانێک هەوڵ بدەن ئەگەر نەشتوانن چنینی خۆیان بەجێ پەنجەی ئەودا ببەن، ئەوا بە شوێن پێی ئەودا ڕێ بکەن، لە جێکەوتە و لێکەوتکانیشیدا سوود وەربگرن، بەشێوەیەک لە شێوەکان تێ بگەن، کەوا چرکەیەک لە نووسینی ئازاد بە پۆستێکی دەسەڵاتی ئەم وڵاتەی نەگۆڕنەوە، پرۆسەیەکی شیعری بە پڕۆژەیەکی بازرگانی نەگۆڕنەوە. شعر بکرێتە مێسنجەرێک نێوان خود و خەون و نەوەک نێوان خود و خۆخافڵاندن، جەستە و بوونیش ماڵی ئەو خودە بێ کە ناوی شاعیرە نەوەک هی شاعیر بێ بۆ دەسەڵات و خۆخەڵەتاندن.

شیعرەکانی تەڵعەت تاهیر دەکرێت زیاتر لە خوێندنەوەیەکیان بۆ بکرێت و لەوەش زیاتر دەکرێت ببێتە بواری دامەزراندن بۆ پرۆسەی نووسینی تر. هەرچەندە بۆ ڕاڤەکردنی تێکستێکی شیعری پێویستیمان بە پانتاییەکی فراوان هەیە بۆ نووسین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە باشی دەزانم فرسەتێک بقۆزمەوە و منیش وەک هەر خوێنەرێکی تر لە پیاسەیەکی کورتدا لای یەکە یەکەی شیعرەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرییە ڕابووەستم و زۆر زۆر بە کورتی شتێک بڵێم سەبارەت بە ئەزموونەکەیانەوە.

شیعری (وەرزێک پێش هاتنی ڤێرجیل) حەسرەتیکی گەردوونیی شاعیرە و پرسیار لەنێو پرسیار دروست دەکات، خودی دەنگی شاعیر دەبێتە میتامۆرفیوسی کەسایەتی دانتێ و کەسایەتی خۆشەویستە ئەگەرییەکەیشی بەدەوری خۆی میتامۆرفیوسی پیاتریس دەبێتەوە. هەر یەکێکیش لەم دوو تەوەرە دوو کایەی سەرەکی دیالێکتی شیعرەکە پێک دەهێنن و تێکڕای ڕێساکان دروست دەکەن، ئەم دینامیکییەتە هەر لە سەرەتای تێکستەکەوە بەردەوام دەبێت تاوەکو کۆتاییەکەی. ئەگەر ئەم حەسرەتە لەم تێکستەدا دوور بێت لە ڕوونی واتایی ڕێساکانی ئەوا لە تێکستی (لە بەردەم سێوەکەی بۆدلێردا) ریساکان ڕوونتر دەبنەوە و دەنگی شیعری تێیدا زەلالتر دەبێتەوە و دەگاتە ئەو ئاستەی پرسیارە شیعرییەکانی نێو تێکستەکە ڕوحێکی نکوڵئامێز بەخۆیەوە بگرێت، بەڵام ئەم جارەیان زیرەکانەتر دوو حاڵەتی بەجەستەکاری دەدۆزێتەوە بۆ پێکهێنانی دوو کایەی پێکهێنەری دیالێکتی تێکست ئەوانیش بۆدلێر وەک ماسکێک، کە ئاستێک لە ئاستەکانی

گـوتاربـەخش پێک دەهێنێت و سـیـوەکـە وەک مـاسـکی دووەم کـە وەک ئـاسـتی گوتارگرێک دێتە پێشـەوە، و ئەگەر یەکینەیی هاماجی تێکست پار و پارچەکانی دوو کایەی تێکستەکە کۆ بکاتەوە، ئەوا تێکستی (سرووودێکی دیکەی سولەیمان) بەهەمـان سـتراتیـجیـیـەتی ئەزمـوونەکانـی پێشـوو خودی خـوی دەکـاتەوە، هەر کۆپلەیەکی لێی بۆ بـەرجەسـتـەکردنی بیرۆکـەیەک تایبـەت کردووە، بەڵام دیسـانەوە هاماجی گشتی گوتار هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی کۆپلەکان، لەم تێکستەشدا کۆکردنەوەی ئەم کۆپلانە هەر ئاوەها سانا نییە، ئەمەشیان بۆ ئەوەی هەر یەکێک لێـیان لە بازنەیەکی جیـاواز لەگەڵ ئەوی تردا بسـوورێتـەوە. تێکسـتی (ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبم بە خۆم) یەکەمین تێکستی شاعیرە، کە بتوانێت لە ستراتیجییەتی یەک هامـاجی دەربچێ، ئـەویش چونکە دەنگی شـیـعـری خـودی خـۆی دەکـاتە چەقی برەوییـە شیعرییەکەی و ماسک لە دەستەواژی مانا فرەوانـەکان دەتوێتـەوە، بەڵام شـاعیـر لە نێـوان بوون بە خـۆ و نەبوون بە خـۆ، پەنجـەرە و دەرگەی پرسیـار بۆ هەمـوو وەڵام سـەرنجـێک بە کـراوەیی بەجێ دەهـێڵـێت. لە تێکسـتی (بە بۆنەی چۆلەکـەیەک بـەسـەر شـانی داهـۆڵەوە) دەنگی شـیـعـری بە دوای ئەو سـۆزە مرۆڤـایەتییـە قـووڵەدا دەگـەڕێت، کە بکرێت ئـەو پێوەندییە تایبـەتەی نێـوان خـود و منداڵەکەیەوە هەیە بکاتە ئاستێک لە ئاستەکانی ڕەنگدانەوەی زنجیرەیەک خەون و پەنهییکانی کومێدیای بێخەتایی و خواییەکانی ئاکاری سروشتی هەست و نەست و ویستی مرۆڤ، جوانی ئەم تێکستە لەو توانا بەهێزەیدایە ویستەکانی منداڵێک لە ویستـەکانی شـیـعرێک منداڵتر نەکاتەوە بگرە، لە تـەندانس و پارسـەنگێکی جوان بیـانهێڵێتەوە و خوێنەریش لەوان منداڵتر بکاتەوە، شاعیریش لە ئاست دیالێکتی هەردوو لایان خۆی ئامادە بکا بۆ شیعرێکی تر. لە تێکستی (ئەگەر لەوێیت.. دێم) دەنگی شـیـعری دیسـانەوە دەگـەڕێتـەوە بۆ لۆجـیکی پرسـیـارکردن، هـەروەها بۆ وەسـتـان بـەرامبـەر حـاڵەتی سـەرسـورمـان، ئەمـەش لایەنێکی نێگەتیڤ نیـیـە، لە ستراتیجییەتی نووسینی شیعریدا، بە مەرجێک شعرییەت بۆ مانا بدۆزێتەوە، یان مـانا لـە شـیـعـرییـەت نەدزێتـەوە، لەم تێکسـتـەدا زەمـەن وەک حـاڵەتێکی ناوێزە بەرجـەسـتـە دەکـرێت، بەڵام لـە سـەرەوەی جـوانی نەوەک نـاشـیـرنی، بەم شـێـوەیە کـەرەسـتـەی گوزارشت وا بەسـتـەی ئەو پنتە جـوانانە دەکات کە دەنگی شـیـعـری بۆ کردەی جوانی دەیهێنێتە ناو ماڵی تێکست. لە تیکسـتی (تۆ و بەس، تۆ و ... تاد،

دیسانەوە پەردە لە ڕووی ئاستی جیهانبینی گەردوونی هەڵدەداتەوە، دیالێکتی خود و خود دەنگی شیعری دەگەیەنێتەوە ئەو ڕاستییە ئەزەلییەی کەوا مرۆڤ هەموو کات کردەی خاکە و خاکیش هەم نەوەکەیەتی و هەم باپیریەتی، ئەمە و جگە لەوەی مرۆڤ بەرامبەر ئەو مەحاڵییە ئەزەلییە دەهێڵێتەوە، کە ناهێڵێت ئاوەها بە ساناهی لە زەمەنێکەوە بۆ ئەوی تریان بڕوات. ئەگەرچی تێکستی (لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی) لە ڕووی جیهانبینییەوە تا ڕادەیەک هەندێ تایبەتمەندییەکانی تێکستەکەی پێشووی پێوە دیارە کە ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام جیاوازی سەرەکی لەگەڵیدا ئەوەیە لەم تێکستەدا زمان سادەتر دەبێتەوە بۆ شتە وردەکانی ڕۆژانە و مادەی دیتراو و هەستپێکراو دەبنە کەرەستەی یەکە پێکهێنەرەکانی شیعری و دروستکردنی ڕێسا سەرەکییەکانی. ڕەنگە بۆ هەندێ خوێنەر تێکستی (پایزی زەعیم) تا ڕادەیەک جێگەی سەرنج بێت، ئەمەش ئیمڕۆ ڕاستە، چونکە هەموو گوتارێکی شیعری ناکرێت ناسنامەی خۆی وەدەست بێنێت لە دەرەوەی ڕەنگدانەوەی لای خوێنەر، ئەم تێکستە لە زنجیرەیەک ریسای واتائامێزی جوان و زیندوو پێک دێت، کە ڕاستەوخۆ گوزارشت لە ڕەوتی سۆسیۆپۆلەتیکی جیهانی ئیمڕۆمان دەکات، سەرکردە و ڕابەر و زەعیم بەتایبەت لە ولاتانی و ڕۆهەڵات و هەرێمەکانییانەوە ئاوەها وەک چۆن لەنێو تێکستەکەی تەڵعەتدا گوزارشتی لێ کراوە بە سروشتی سەرەکی خویان دەخوێنرێنەوە.

تەڵعەت تاهیری شاعیر شیعر نانووسێتەوە، بگرە ڕاستینەیەکە شیعر دەیخوێنێتەوە، بەڵام لە پەڕگەیەک لە پەڕگەکانی ئەم گەردوونە مەلعوونە ئەزەلییە زۆر جوانەیە، پەنجەکانی ئەم شاعیرە ڕووی زەمەنمان پێ دەناسێنێ، بە سەر پشت سیمرخێکی چینییەوە ئەم گەردوونەمان پێ دەناسێنێ و هەندێ جاریش بە میترۆیەکی ئەفسووناوی هەموو جیهانی ژێر زەمینمان پێ ئاشنا دەکات، یان بە بەلەمێکی دزراوی نەدزراو دەمانگەیەنێتە دوورگەکەی کالیبسۆ و بەهەموو کژە جوانەکانی ئەویمان دەناسێنی، ئەو شاعیرە تێکست دەنووسێتەوە و مێژووش ئەو دەنووسێتەوە.

هەولێر ٢٠١١/٢/١

## ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبم بە خۆم

ڕۆژێ دادێ دەبم بەو کەسەی دەمەوێ...
بەبۆنی حەرفی یەکەمی ناوێک، کە نایدرکێنم،
درێژە بە گەشتی یەکەمم دەدەم بەرەو مانا.
ڕێگەیەک دەدۆزمەوە بۆ دۆزینەوەی خۆم،
لەو ئاگرانە سڵ ناکەمەوە کە باز دەدەنە سەر جوانی.
دەخیلەی کات و شوێن دەشکێنم،
قازێ دەکڕم،
پەڕەکانی سوێی مەغریبان بکاتەوە!
وشەیەک پەیدا دەکەم،
نهێنی پەلکەزێڕینە بزانێ و ببێتە برادەرم.

*

رۆژێ دادێ لەناو ئێمەدا خۆم دەردێنم،
بەبێ منەت، لەناو ناوی خۆم نیشتەجێ دەبم.
بە ڕوونی، لە ئاڵۆزیدا دادەنیشم.
خەیاڵم کۆ دەکەمەوە،
لە باڵندە پەند وەردەگرم، تا باڵی گەرمتر دابێت،
لە جوانیی نزیکتر بۆتەوە.

*

ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبمە شاعیر،
زمانم دەکەمە مەجازی مەجاز،
گوێم لە گریانی ئەو دارقامیشانە دەبێ،
کە بێچووەکانیان بوونەتە شمشاڵ.
لە پرسەی ئەو سنەوبەرانەش دادەنیشم،
کە لقەکانیان کراونەتە دەسکی قەنەفە.
دڵی توێکڵە پرتەقاڵەکانی سەرجادە دەدەمەوە،
کە لە ماڵی تامەوە دەرکراون.
لەگەڵ سروشت ئاشت دەبمەوە.
دەبمە وەرگێڕی نێوان گوڵ و پەپوولە،
کە بە دوو زمانی جیاواز یەکتر تالآن دەکەن.
ڕێزی توخمەکان دەگرم،
بە ئاو دەڵێم ئاو، مانای دیکەی پێ نابەخشم،
غەدری دووەمی لێ ناکەم.

*

لیرەیەکی زۆر کۆ دەکەمەوە،
ڕۆشنایی پێ دەکڕم،
مانگ لە هەژمەتا ببێتە نیوە.
ڕۆژەکانم بە خۆڵ دەشۆم،
پێڵاوەکانم دەسڕمەوە و بە فیزێکەوە ڕێ دەکەم و
بڕیار دەدەم کە دڵشادم.
*
ڕۆژێ لە ڕۆژان،
دەست لە غرووری زیندووان هەڵدەگرم.
بە دەنگی بەرز ئەو حیکایەتانە دەگێڕمەوە،
کە تۆز دەخەنە سەر کیمیای مێژووم.
بێبەری دەبم لەو ڕۆژانەی،
کە سپێتی دڵم تێکەڵ بە ئێوارەیان نەبووە!
*

پێم سەیر نابێ چۆلەکەکان دەنووک لە شان و ملی
یارە ئەسمەرەکەم بگرن،
لەو دوورەوە بە نانی گەنمی دەزانن.

*

چەشنی مشتە خوێیەک لە ژیاندا دەتوێمەوە،
دەشزانم تام نادەمە جامێ ئاوی ئەم دنیایە.

*

هەوڵ دەدەم
باوەڕ بە مەحوی بێنم،
کە پێویستە قومێ عەقڵ لە دەفری مارکس بخواتەوە.

*

بە عەنبەر خاتوون دەڵێم،
بۆدلێر مەولەوییەکی ترە.

*

دەپرسم:

بۆچی ڕۆژانە، مانگ خۆی دەشارێتەوە؟

شەویش نییە هەتاو یەخەی نەگرێ!

داوای ئەو تیشکە دەکاتەوە،

کە بە قەرز پێی داوە؟

*

دەگۆڕێم،

تێ دەکۆشم نان ئینکاریم لێ نەکا.

خۆشەویستی دەسەنمەوە،

لە بەکرەجۆ بە قوربانی ژنێک دەبم،

لە ئەستەنبۆڵ لە مزگەوتی ئایاسۆفیا تۆبە دەکەم.

*

رەنگی ئاسمانی و خاکیی ئاشت دەکەمەوە،
کە لەوەتەی هەن گاڵتە بەیەکتر دەکەن.

*

ئاسمان بە ئاگا دەهێنمەوە هەڵە نەکات:
تەنیا مرۆڤ دەخوێنێتەوە،
نووسەر نییە.

*

مژدە دەدەمە ئەو درەختەی جێگەی یەکەم ژوانم بووە:
خۆت بە دارستان بزانە.

*

ڕۆژێ لە ڕۆژان
بەتاڵ دەبمەوە لە توندڕەوییم بۆ شوێن.
خۆم رادێنم کە زەمەنیش تەنیا وشەیەک بێت لە وشەکان.
لە پەنا ژنێک خۆم دەشارمەوە،
ئەم دنیا ئاڵۆزە،
پێویستی بە پەیداکردنی جوانییەکی ڕوون هەیە.

*

ڕۆژێ دادێ،
تەیرێک لەسەر شانم دەنیشێتەوە و دەبمە پاشا
بڕیار دەردەکەم بە قژی منداڵ بڵێن: گوڵەگەنم!
مامز دەکەمە مامانی شاعیر
دنیا جوان دەکەم،
پڵنگەکان لە بەتانی منداڵەکان دەردەکەم و
پڕی دەکەم لە جوجکەی خڕپن.

*

زۆر مەمنوونی سێو دەبم،
پیرۆزبایشی لێ دەکەم،
باوەڕی بە ئادەم هێنا:
نوێخواز بێ.

*

ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆم بە گرینگ دەزانم
دەنووسم: بزنەکێوی و دەیخەمە ناو دوو کەوانە
لە شێوەی باپیرانم بە دەوریدا هەڵدەپەڕم
بە گەڵایەک بۆ عەورەتم واز دێنم
چڵە زەیتوونەکان دەشارمەوە و
لە کۆتر دەپرسم: تۆفان لە کام لایە؟

*

لەگەڵ مندا دار و بەردیش سەربردەی تایبەتیان دەبێت:
دار بۆ مرۆڤ یارە یا نەیار؟
چۆن هەردوو سەری دارەکەی پێ دەگیرێ؟
(بێشکە و تابووت).
ڕێزی بەرد ناگرم،
لەم ڕۆژگارە ناخۆشەشدا بڕیاری داوە نەجووڵێ،
بەردێ نەخاتە سەر بەردێ!
*
دنیا غوبارە و هەژارییش ـ با ـ
دەستی کراوەی سواڵکەرێک،
بەڵگەی هاوکاریی شێتییە لەگەڵ ڕۆژگار.
*

دەبمە ئەندامی خێزانی پرسیار..
وەڵام دەرگام لێ دەگرێ؟
دەبمە گومان: لە پەنجەرەی پرسیارێکەوە رادەکەم.
*
رۆژێ لە رۆژان بەلەمێک دەدزم..
برادەرە نزیکەکانم دەبەمە پیاسە،
سێبەری هەورێ بەکرێ دەگرین:
تا پشتمان دەشکێ،
لە نیشتمان دەڕشێینەوە.
تا سکمان دێشێ،
بە مێژوو پێ دەکەنین.
*
رۆژێ لە ر ۆژان نابمە کەس،
رۆژێ لە رۆژان دەبمە خۆم...

زستانی ۲۰۰۳ سلێمانی

## لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی

أبِنْـتَ الـدَهْـذ عنـدي كُلُ بِـنْتٍ
فكَيفَ وَصَلْتِ أنتِ منَ الزحــامِ؟
(المتنبی)*

ئاوێک دەناسم هەموو سیفەتێکی ئاگری هەیە.

*

گەر ئەبجەدییەت بە هانام بێ،
پێش ئەوەی مێژوونووسان بێن، من دەتنووسمەوە.
هەر تۆ براوەیت!
من لە پەنجەرەی زیندانی زمانەوە،
لە باخچەی موعجیزەکانت دەڕوانم،
تۆش درەختی لەزەتی و بنەچەت دەچێتەوە سەر مەجاز،

* موتەنەبی ئەم شیعرەی بە نەخۆشی گوتووە و گرانەتای بووە، ماناکەشی بەم شێوەیە دێتەوە: گەر لە فرمێسک و بەڵای ڕۆژگار دەپرسی، هەموو فرمێسک و بەڵایەکم هەیە، لە قەرەباڵخی ئەو هەموو فرمێسک و بەڵایەی دەوری داوم، تۆ چۆن گەیشتییە لام، بە کوێدا هاتیت؟

تامێکی دیاری بۆ میوەیەکی نادیار و
بە غوباری گێڕانەوەم نالەرزیت.
چەند لە دنیا دەچیت،
هەر پێش دەکەویت، بەڵام ئاوڕ نادەیەتەوە!
چەند لە شێتییەوە نزیکم،
پێم ناخۆشە بچیتە سەربان و تانکی ئاوەکە پڕکەیت،
بچیتە سەر ئەزمڕ و چای خەڵووز بخۆیتەوە،
لەو بەرزایییە خوا جوانیت ببینێ، بۆ خۆیت دەباتەوە.

پێم خۆشە پێ بکەنیت،
تریقەت هەڵوەرێ و بفڕێ و
بەسەر باڵەخانەکاندا ببێتە ئاڵا.
تۆ هەبیت ئاژاوەی دنیا نامێنێ:
بەندیخانەکان دەبنە دایەنگە،
تاوانبارەکان، بە دەنکە شقارتە،
پیکابی بچووک بۆ منداڵە هەژارەکان دروست دەکەن.
جنێوەکان لە فەرهەنگی خاڵدا دەسڕێنەوە.
قەسابەکان تا ماون بۆ ئەوە دەگرین،
لە بری چەقۆ، گیتاریان هەڵنەگرتووە.
ئەوانەی ئێواران بەدەمڕێوە پاقلە دەخۆن،
توێکڵەکە دەخەنە گیرفانیانەوە.
هەموو ئەوانەی ماسییان برژاندووە، داوای لێبووردن دەکەن.

***

تۆ لەسەرتە رۆژانە جارێک پیاسە بکەیت:
پێڵاوەکانت داکەنە و بە پێخاوسی بگەڕێ،
ڕێگا قیرتاو کراوەکان، دەبنە پسکویتی  بە قاوە.
ڕێگا خۆڵەکان: بەوەوە دەنازن گوایە ئەسڵت قوڕە و
بە خزمایەتییەکی دوور پێت دەگەنەوە.
بە غەمزەیەک، عەمودەکانی سەرجادە کون کون کە، دەبنە شمشاڵ.
بتڵە ئاوە مەعدەنییەکانی سەر شۆستە بە پۆزەوە خۆیان بە کانی دەزانن.
سەبووری ئەو شووتییە بەستەزمانانە بدەوە،
بە هەنجەتی باشییەوە بە چەقۆ سکیان هەڵدەدەڕن.
دڵی ئەو درەختانە رابگرە،
بە ناوی جوانکردنی شارەوە لە باخچە دایان بڕیون.
قاپ و تەشتی نایلۆنی سەر عەرەبانە گەڕۆکەکان،
بگۆڕە بۆ پارچەی پیانۆ.
بە دوو سایدەکەی بەکرەجۆدا وەرە خوارێ،
با سایلۆ پڕ بێ لە گەنم.

پڕ بێ لە گوارە، بۆ ئەو کچانەی لەمساڵدا گوێیان دەسمرێ.
پڕی کە لە عەتر، بۆ ئەو نامانەی هێشتا نەنێردراون.
دوو ماچ بۆ هاوین فڕێدە، فێنک فێنک دەبێتەوە.
قژت لە دواوە ببەستە، چیی تر ڕەشەبا نامێنێ و
ئەو خانووانە دەحەسێنەوە رووەو قیبلە نین.
لەبەر خاتری ئەو ساوایانەی دەیانەوێ بەم نیوەڕۆیە بخەون،
خۆت لەم خۆڵبارینە تووڕەکە.
دوای نیوەشەو، لەپێکت پڕکە لە تریفە،
لەپێکت پڕکە لە حەرفەکانی ناوت،
بچۆرە لای سینەماکان،
با سواڵکەر و عەرەبە نووستووەکانی سەر کارتۆن و بەتانی عەسکەری،
ئەلفی سەرەتای ناوت، چەشنی چۆرەک بکرۆژن و
قومێک ڕووناکی بخۆنەوە و متمانەیان بە دنیا بێتەوە.

***

تۆ لەسەرتە هەفتەی جارێک بچیتە چێشتخانەی یاقووت:
میوانەکان مینیۆی جەستەت ببینن و لە خۆیانەوە تێر بخۆن:
مەمکی مەحشی، بە شیر و هەنگوین.
سینگی بە خاڵ، وەک نانی بە کونجی.
پەنجەی پێچراو بە گەڵای مێو.
گەردنی تەڕ بە ئاوی شووتی.
تکەی تەنووریی تەماشا و
سووپی سووری سووراو و
شیلەی مەیلەو سوێری ئارەقی چاڵی چەناگەت بخۆنەوە.
تۆ لەسەرتە رۆژێ جارێک بچیتە نەخۆشخانەی فێرکاری،
نەخۆشەکان ماچکە چاک دەبنەوە.

برۆت لە شێوەی (لا) گرژ کە،
مردن لەو ناوە نامێنێ.
سەرێکی ژێر پردەکە بدە و
پەتی پێی ئەو قازانە بپچڕێنە سپێتی باڵیان لە رۆحت و
خرپنیان لە قۆڵ و باسکت خواستووە.
دەرگای قەفەسی مریشکەکان بکەوە، با بتبینن و
دوا نیازی بەر لە سەربڕینیان بێتە دی.
تۆ لەسەرتە ساڵی جارێک بچیتە گەرمیان،
لە هەردەی زەنگەنە و چەم داوێ، خۆت رووت کەوە و راکشێ،
با بەرخەکان لە گیای بەر و ژێر باڵت بخۆن و
لە تووکی نەرمی بناگوێت بلەوەڕن.
بەردێکی بچووک بخەرە درزی مەمکەکانت با ئارەق بکا و
وشکەساڵی نەمێنێ.
*

بەیانیانی هەینی بە دزییەوە بچۆرە سەر قەبری باوکت،
مردووەکان بتبینن بەو خەفەتە دەمرنەوە،
لە زەمەنی تۆدا نەژیاون.
سەرەخەو مەشکێنە
تۆ بە خەبەر نەبیت، زیندوێتی مانای نامێنێ.
منداڵەکان بەخەبەر نایەن بچنە قوتابخانە.

ترافیک قەت سەوز نابێ.
کەس تاقەتی کڕینی میوەی نامێنێ.
وەکو چوکلێت، مانا بپێچەوە و
بیخەرە دەمی توخمەکانەوە.
بە هەناسەم بڵێ کە هەردەم بە دواتەوەیە،
ببێتە گسک و پیربوونە رژاوەکانی بەردەم مزگەوتەکان کۆکاتەوە.
کە نووستیت دەرگا جوان جوان قفڵدە،
با ئاواز بەرەڵا نەبێ دراوسێکانت بشڵەژێن.
پەردەکان جوان جوان دادەوە،
با ئەستێرە نەیەتە ژوورەوە نووری نێوچەوانت بدزێ.
کە لە خەو هەڵسایت باوێشک نەدەیت،
دەمت مەکەرەوە، با ددانێکت نەبێتە ئیمامی تەسبیحی کرمان.

پێش ئەوەی بچیتە حەمام خۆت بپشکنە،
بزانە هیچت لێ نەدزراوە؟
هێلّەکانی لەپت نەچۆتە شوێنی ئایەتە هەڵواسراوەکە؟
لەتە نانە رەقەکانی ناو سەبەتەکە،
نەرمایی گوێتیان نەدزیوە؟
چاڵی ناوکت وەک خۆی ماوە و پڕ نەبووە لە هەنگ؟
درەختێکی باخچەکەتان،
سەوزیی، وردە دەمارە سەوزەکانی ڕوومەتی نەبردووی؟
بزانە خۆت، خۆتی؟
گێلاسی ناو رەسمی دیواری مەتبەخەکە،
بۆیەی نینۆکەکانی تالاّن نەکردووی؟
لە بەرچاوی مەرکانەی گەلاّکانت ددانت نەشۆی،
مەیانکە بە دوژمنی نەعنای ناو مەعجونەکە.

که چات خواردەوە سەیری کوپەکە نەکەیت، دەنا دەبێتە ئینجانە.
شەکری تێ مەکە، منی تێدام، بە کەوچکەکە تێکم دە.
بە چەتاڵ پەنیر بخۆ،
پەنجەت بەری کەوێ دەتوێتەوە و دەچێتەوە دۆخی منداڵیی خۆی و
دەبێتەوە شیر.
سەمون کەرت نەکەی، گەنممان لێ مەڕەنجێنە.
بەزەییت بە شتەکاندا بێتەوە،
سابوونەکە حەز دەکا بە دەستت بیشۆیت و پاکبێتەوە.
خاولییەکەت حەز دەکا بە قژی وشکت تەڕی کەی.
ئاوێنەکەت حەز دەکا ببێتە ستراب، تەنانەت نەعل و
شوێنێکی لەشت راموسێ.
پێڵاوەکەت ئیرەیی بە سیسەمەکەت دەبا، لەسەری دەخەوی.
سیسەمەکەت رقی لە پێڵاوەکەتە، دەیبەیتە دەوام.

کتێبەکانت ئامادەن خۆیان بە دەفتەرە گەورە چڵکنەکەی دائیرە بگۆڕنەوە،
کە هەموو بەیانییەک، ئیمزایەکی لەسەر دەکەی زۆر لە سەری بولبول دەچێ.
ئامان، جلت هەڵخست ئاگاداربە،
سەرچەفەکان نەبنە باڵ و بتکەنە فریشتە و بتفڕێننە ئاسمان.
زوو زوو دەرگای سەلاجەکە بکەرەوە:
ماستی ناو مەنجەڵەکە و نانە هەورامییەکە و
باینجانی ناو نایلۆن و شرووبی تا، چاوەڕێتن و
هانا بۆ مەڵهەمی سووتانەکە دەبەن.
کەڵەشێری بەستووی ناو فرێزەر و
ماسیی ناو قوتووەکەش، بە خەبەرن و غەریبیت دەکەن.

***

بەیانیان رۆژنامە بخوێنەوە،
تا تیرۆریستەکان ببنەوە دەروێش و
لەسەر دەستی تۆ لەو کاتەی بە کەفاوی جلشۆرینە: تۆبە بکەن.
با تانکەرەکانی نەوت بگەڕێنەوە و
شەربەتی ئەناناس و شەرابی ترێ لە چاوتا بارکەن.
لە بەردەم ماڵتاندا ریز ببەستن و
یەکەو ٣٦ هەزار لیتر، رەنگ بۆ دنیا ئاودیو بکەن.
لە جیاتی نەوتی رەش، رەشێتی ماسکاراکەت،
لە بری نەوتی سپی، سپێتی رۆحت بگوازنەوە.
سەیرێکی هەواڵە ناوخۆییەکان بکە،
با ژنەکان خۆیان نەسووتێنن و پرێمز بچێتە مۆزەخانەوە.
نا، رۆژنامە مەخوێنەوە،
جوانیت ناخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.
تەنیا سەیرم کە،
جوانترین هەواڵ لە چاومدایە.
تکایە، تا پێشت دەکرێ پێڵوت دامەخە،
دایمەخە با کارەبا نەکوژێتەوە.

هاوینی ٢٠١٠ سلێمانی

## به بۆنەی

# چۆلەکەیەک بەسەر شانی داهۆڵەوە

پێشکێشە بە هانەی کچم، تا هەر منداڵ بمێنێتەوە و
لە بەڵای گەورەبوون بەدوور بێ

ئیرەیی بە چاوی منداڵەکەم دەبەم
دەتوانێ ڕکە بگرێت،
تا ڕووناکی ببێتە پلیکانە و خۆر تام بکات
بادەم ماچ بکات و
چیرۆک بخاتە پارووە نانێکەوە.
دەتوانێ هاوین بخاتە جانتاوە و
خۆی پێ هەڵکێشێ.
باران لای ئەو بۆ نانەوەی قوڕە و بەس.
ئەو تاسەکانی جادە نابینێ و
بە پسکویتێکی بە قیڕی دەزانێ.
بەیانیان لە بری ئیمزای دائیرە،
قاچی بووکەکەی دەشوا.

*

بە دەم شیرخواردنەوە لە بەرگی کتێبەکانم دەڕوانێت و
داوای شمشێرەکەی جەنگیزخان دەکات،
بۆ دروستکردنی زەڵاتە.

*

لە نهێنی بوونی دیوار ناگات و
درزی گەچەکان بە نووکی قەڵەم تێ دەگا،
کە دوای مێروولەیەک کەوتووە.

*

بێ ئاگایە لە غەدری مرۆڤ لە ئاست ئاسندا،
کاتێک دەکرێتە قفڵ یا زنجیر.

*

تاکە خەمی پەیداکردنی بزنێکە
پێڵاوی لە پێدا بێت

*

بە سەرسوڕمانەوە دەڕوانێتە ئەو کەسانەی،
بۆ سەوداکردنی پارچە قوماشێک شین و مۆر بوونەتەوە،
بەو زلییەوە کڕینی پەتاتەیان بە جیدی وەرگرتووە.
گەمژە نییە تا ئەو ڕادەیەی ڕای گەیەنێت،
دنیا بە بوونی ئەوەوە جوانە.
لە کتێب دوودڵم دەکات،
ئێ کاتێ ددانێکت دێشێ،
سوودی چییە دانتێ بناسی یان نا؟

*

بێ ئەوەی شاعیر بێت،
ساتمە لە قافیە ناکا،
باینجانی هێندەی پرتەقاڵ خۆش دەوێ.
لای ئەو،
هەموو نەخۆشێک بە ماچ چاک دەبێتەوە.
کولله پەپوولەیەکی سادەیە،
ئاساییە لای پشیلەیەک لەسەر سفرەکەی شوێنی هەبێت،
یان ریشۆڵەیەک ببێتە حاکم.

*

بە دەستە بچووکەکانی
داکۆکی لەو بەرازە دەکات،
کە جووتیارێک لە فیلمێکی کارتۆنیدا
لە کێڵگەی برنج دەیکاتە دەرەوە.

*

ئەو شاگەشکەیە بە رەنگەکان
بۆیە لەلای دڵۆپە خوێنێک و خونچەیەک، یاوەرن.

*

دوور لە ئەندێشە.. لای ئەو:
تاریکی تەنیا پەیوەندی بە خەوتنەوە هەیە.

*

کات لە دڵیدا نەمامێکی سەوزە،
شوێن لە دەرەوەیدا شتەکان ناشێوێنێ،
عەقڵ توخمەکان بەرباد ناکا،
هەموو شتێکیش بە جەستە ئاشت دەبێتەوە.

*

بۆ ئەو بەرخەی لە باخچەدا زیندانە،
گیرفانی پڕ نوقڵ و قافیە دەکا.
بێئاگا لەوەی یارەکەی،
پڕۆژەیەکە بۆ خوان..

*

نرخی شتەکان نازانێت
ئەو ئاکارێکی مەبەستە:
لە دەمی خواردندا دەم نەکاتەوە

*

هەموو سامانی ئەوەیە،
کە دەتوانێت بیست کاشی شۆستە بژمێرێت.

*

ئامۆژگاری قاپە پیسەکان دەکات:

جارێکی دی یاری بە خواردن نەکەن.

*

ماڵی دڵی هێند پتەوە

هیچ سەرنجێکی لەبارەی رەشەبا نییە

*

به ئاوەژوویی وەڵامی پرسیارەکانی دەدەمەوە
گەورەی ناکەم،
تەونی خەونی ناشێوێنم،
پێی ناڵێم ناتوانێت بە پایسکلی سێ تایە بچێتە سەر مانگ.
دەریا لەو تەشتە گەورەترە
کە مەلەی تێدا دەکات.
ئاسمان لەو کڵاوەی فراوانترە
هەرچەندە دوو ورچی تێدایە.
پێی ناڵێم لە هاویندا،
زەوی بە شرووبی – تا– فێنک نابێتەوە
ئەو راستییەی بۆ راست ناکەمەوە،
کە پێی وایە هەموومان ئەسڵمان لە خێزانی مەیموونە.
با هەر وا تێ بگات
ئەستێرەکان پارچەی شکاوی ئەو ئاوێنەیەیە،
کە باپیرەی ریشی لە بەردەم دەتاشێ.
با هەر وا تێ بگات،
مردن یەکێکە لە خزمەکان!

*

ئیرەیی بە چاوی منداڵەکەم دەبەم
تەمەن هێشتا لە فێربوونی نەخستووە،
ڕیزکردنی نەعل دەکاتە باخچەی هەڵواسراو.
زانین ددانەکانی کلۆر نەکردووە،
جوگرافیای ئەو هەر هێندەیە:
جۆلانەیەک دەشێت ببێتە نیشتمان.
ماتماتیکی ئەو سادەیە:
چوونە دەرەوەی گەورەیەک،
یەکسانە بە هێنانەوەی چەند نەستەلەیەک.
*

ڕۆژێک دادێ خۆی دەبێتە حیکایەتێک،
کە بۆ لایلایە دەست نادا.
دەبێتە ئاو بەڵام بە شایەتی سەراب،
دەبێتە هەور بەڵام بۆ خزمایەتی لم،
دەبێتە باران بەڵام بۆ کوژاندنەوەی ڕۆژگار.
گەورە دەبێ...
بڕوا دێنێ ئەم دنیایە: کەشتیی نووحە و هەژاری لێ بار نەکراوە.
ئەم دنیایە، هەتا نابێتە سووتەکیش،
بۆ جگەرەی پیرەمێردێک بە دیار فرۆشتنی تەسبیحەوە وەنەوەز دەدا.
بڕوا دێنێ، چاوی بۆ ژماردنی پۆلە ریشۆڵەی پایزان چێ نەکراوە،
بەڵکو بۆ گریان.
گەورە دەبێ و لە چاوشارکێکانی پەشیمان دەبێتەوە و
تێ دەگا کەس شایەن نییە بە شوێنیدا بگەڕێی.
گەورە دەبێ و بۆ بینینی کەروێشکێک بلیت دەبڕێ.
خۆی دەڕازێنێتەوە بۆ خواردنی ماسی.
رقی لە رەشەبا دەبێ و
وردە وردە خۆی، بەبێ ویستی خۆی
دەبێتە یەکێک لە یەکەکان و
لەناو دەرەوەی خۆیدا
لە ئەوانی دیدا دەتوێتەوە.

*

ئیرەیی بە چاوی منداڵەکەم دەبەم.
بۆ ئیرەیی بە چاوی منداڵەکەم نەبەم؟

هاوینی ٢٠٠٥ سلێمانی

## ئەگەر لەوێیت.. دێم

١

لەوێیت؟
هێشتا لە بێدەنگیتا نیشتەجێیت؟
دەرگات لە خۆت داخستووە..
نەک بۆ ئەوەی واقیع نەیەتە ژوورەوە،
بەڵکو بۆ بەستنەوەی خۆشی و
بەڕەڵڵا نەبوونی خەون.

٢

لەوێیت..

نە دوێنێت لەگەڵدایە و نە بەیانی

بە شوێن ئێستایەکی تردا دەگەڕێی

دەزانی زمان کۆنە و هەموو شتێکیش گوتراوە

بارانت کردۆتە حەرف و

بەرد بە وشە و ڕێگا بە رستە و

کۆتر دەکەیتە فاریزە،

سواری پرسیار بوویت و بیابانی گومان تەی دەکەی.

بۆ کوێ دەچیت؟

شێتیش پەڕێکە لە سەرینی عەقڵ و مانا!

٣

لەوێیت؟

دەزانم زەحمەتە ناخت باخچە بێت و

بە پارەش میوە بکڕیت!

خەیاڵت کانی بێت و

بە پارەش ئاو بکڕیت!

پارەشت گەنم بێت و

لە شەقامیشدا منداڵ دەستت لێ پان کەنەوە

هێشتا ئومێدت بە دنیا ماوە؟

ژیانی لێ بردی و گوزەرانی بۆ جێ هێشتی!

غەمزەی لێ بردی و چاوی بۆ جێ هێشتی!

خۆرەتاوی پاش بارانی لێ بردی و مێرووولەی باڵداری بۆ جێ هێشتی!

ئومێدت بە دنیا ماوە؟

خەیاڵت بخاتە ئینجانە و

مانایەکی تر بداتە پشکووتن؟

٤

دەتەوێ فرمێسک بنووسیتەوە؟

ئاگری جەستەت دەیکاتە هەڵم!

دەتەوێ جەستەت بخوێنیتەوە؟

فرمێسکت دەیکاتە خۆڵەمێش!

کەی دەگەیتە ئەو بڕوایەی ئاگر رابردووە و

خۆڵەمێش ئایندەی هەموو شتەکانە؟

٥

بەشوێن یاداشتەکانی شەودا مەگەڕێ

دەمریت و نازانیت تاریکی ڕووتبوونەوەیە یا پۆشین

مانگت خۆش نەوێ

بە تریفەیەکەوە دەنازێ لە خۆری دزیوە!

ببە بە دۆستی سپێدە،

دەزووی لیباسی زەویت بۆ دەکاتەوە.

٦

لەوێیت..

لە پەنا دیواری کتێبێک دانیشتووی

دارستان میوانتە

گلەیی لە هەور دەکا

هەڵمی دەریایەک هەڵدەمژێ و

تنۆک تنۆک دەیداتەوە!

گلەیی لە با دەکا

بەشدارە لەو ناهەقییە!

٧

ئەگەر لەوێیت.. دێم و
بە یەکسانی تەنیایی بەش دەکەین.
تۆ.. من و شەربەتێکی پرتەقاڵ بخۆوە،
منیش بەرگریت لێ دەکەم و دڵی میوەکانی تر دەدەمەوە.
دوور لە دنیا، بە دزیی واقیع
گڵۆپەکان دەکوژێنینەوە:
یاری عەشق دەکەین و هەردووکمان دەدۆڕێین
دەیکەینە شەوی ناشرینەکان و
تا بەیانی لە ئامێزی یەکتریدا دەگریێن.

بەهاری ٢٠٠٨ سلێمانی

## سرووده‌ێکی دیکەی سولەیمان

(يا أختي، يا عروسي، حبك بئر مياه حية، وجداول دافقة)

(سفري نشيد الانشاد _ تەورات)

وەک شوێن پێی چۆلەکە لەسەر قوڕ
بەلقیسم ورد ورد دەدوێ
مەخابن نووسین تۆڕێکی درشتە و
وردە وشەی پێ ناگیرێ!

*

پەپوولە نامە بۆ گوڵ دەنووسێ بە ڕەنگ
گوڵ تەنیا زمانی بۆن دەزانێ.

*

هەور زۆرزانە،
تا هەڵم بە بارمتە نەگرێ
باران ئازاد ناکا.

*

شەمشەمەکوێرە عاشقی شەو نییە،
ڕوانگەیەکی دیکەی بۆ ڕۆشنایی هەیە،
ئێمە نایزانین.

*

جێت هێشتم گلەیی ناکەم،
تۆ بنەچەت ئاوە،
کەواتە یەکێ لە خووەکانت هەڵم.

*

پێ دەچێ گوڵەبەڕۆژە قاسیدی شەو بێت:
بە ڕۆژ چاودێری ڕۆژ دەکا،
شەوێ بۆ شەوی دەگێڕێتەوە.

*

خۆرنشین مێزی گفتوگۆی زەرد و ڕەشە،
ئێوارە لەوەتەی هەیە دەیەوێ ئاشتیان کاتەوە:
مەلاش بانگ دەدا: خوا گەورەیە.

*

ڕەنگە گەڵا پرچ بێ و پایز بۆ هاوین بیڕنێ؟
لەوانەشە بەرگ بێ و پایز بۆ زستان رووتبێتەوە؟

*

دڕکی چڵەکان لە نامە گۆڕینەوەدا،
بە چ ئابڕووێک ناونیشانیان دەنووسن؟

*

شەونمیش دەخەوێ،

بەڵام ئەو کاتەی خۆر بەخەبەر دێ.

*

گۆرانیت؟ لە -با- نزیک بە،

دەبیتە سرودی هەور.

ئاویت؟ لە تیشک دوور بە، هاوڕێیەتی ڕۆشنایی دەبەیتەوە،

بەڵام هەڵم پیربوونتە.

*

ئەگەر - با - یاداشتی بنووسێتەوە،

دەبێ چەند درەخت لەسەر ناموس ببێتە شەڕیان؟

*

بەزەییی مرۆڤ بۆ دنیا لەوەدایە بێ پرسیارە!
بەزەییی دنیا بۆ مرۆڤ لەوەدایە بێ وەڵامە!

*

ئادەم بە سێوێک بەهەشتی فرۆشت و دنیای کڕی،
بۆ کڕینەوەی بەهەشت کەس نییە دنیامان لێ بکڕێتەوە؟

## تۆ و بەس

## تۆ و... تاد

١

بۆنی خۆڵی دوای یەکەم بارانی پایز..

بەو بۆنە چیم بیر دێتەوە؟

ئەو کاتانەی سەرم بە ڕانی داپیرەم دەکرد و

ئەویش بۆ ئەو مردووانە دەنووزایەوە،

کە دنیایان یەکسان کردبوو بە یادەوەری.

بۆنی نان دەبووە هاوڕێی نەبوونی،
دەبووە نەیاری تەمەننا،
بەیەکەوە خەونەکانمیان تێکەڵ بە تامی ئەو کێکە زەردە دەکرد،
کە داپیرەم بە دزیی هەژارییەوە دەیدامێ.
لەو ساتانە مردنیش خۆشەویست بوو،
تا ببمە قلە ترێیەک لە هێشووە فرمێسکی سەردوولکە.
خەیاڵی خۆش دەیبردمەوە،
کەیفترین کەس بووم لە شووشتنەوەی ئەو هەنجیرانەی،
بەرامبەر تاڵی ژیانمان بەرگرییان لە شیرینی دەکرد.

هەموو شیرینییەک بۆ باپیرەم باش بوو،
گەیشتبووە ئەو بڕوایەی هیچ تەیرێک لەسەر شانی نانیشێتەوە!
بۆ ئەوەی ئاگر دوور بکەوێتەوە، ناوی خۆڵی دەهێنا.
هەمیشە بە رستەیەکی ناتەواو،
نهێنی رۆژە رژاوەکانی تەڕ دەکرد.
بە دنیای دەگوت دەتناسم:
هی ئەوە نیت کەروێشکت تیا بەخێو بکرێ!
نازی توخمەکانی رانەدەگرت،
لە سێبەرەوە نەدەڕۆیشتە جەستە،
لە تەماشاوە نەدەچووە بینین،
بە سروشتی دەوت: مەمنوونت نیم،
لەش: پیربوون و نەخۆشی و مردن،
رۆح: ئەو کاتە -با- یە کە کەنار دوورە
هەرچی دەکرد، ورتە ورتەکانی لێ نەدەکەوتە ناو رەنگەوە.
بێ ئەژمار مردنی هەبوو و تەنیا یەک قەبر!
بێ ئەژمار دوعای هەبوو و تەنیا یەک خوا!
بە حەسرەتی درکاندنی وشەیەک بوو بۆنی یەکەم قوڕی لێ بێت.

پێی وابوو بە خوێندنەوەی خەون نەبێت، مەحاڵ نانووسرێتەوە
من و باپیرەم هێندەی یەک سەرسامی بوون بووین:
من بۆ سڵاو و ئەو بۆ ماڵئاوایی.
من داکۆکیم لە بەستنەوەی خەون دەکرد بە عەردەوە.
ئەو حەزی بیستنی، مانای تەشەر و سوپاسی لێ دەشاردەوە.
گرتنی چۆلەکەیەک بۆ من بەس بوو ڕۆژگارم بکاتە مەتەڵ،
ئەو بە هەموو فڕینێک مردنی بیر دەهاتەوە.

٢

منداڵیی حەرفێکە
تامی هەموو ئەبجەدیەت دەدا

*

پیرۆزبایی لە مانا بکەن..
دەتوانێت گوڵێک بێت لە ئینجانەی پرسیار،
یان دیوارێک بێت لە زیندانی وەڵام.

*

کێ لە دڵ دەگات؟
هەندێ جار بە زمانی باپیرەم دەدوێ،
زۆرجاریش بە زمانی منداڵەکەم!

*

زمانیش راستگۆ نییە..
قسەی ناو دڵی و سەر زاری یەک نین!

*

خۆشەویستی تاکە زمانە،
کە مانای پەنجەرە بداتە دیواریش!

*

سومبولی گومانە پەنجەرە،
لە هەموو ماڵێک یەقین تیایدا نیشتەجێ بێت.

٣

جوانیی دوورترە لە تەماشام.

لە شوێنێک دەگەڕێم کەوتۆتە نێوانی سیحر و شێتی،

تا شەڕی هەموو شەڕەکانم پێ بکرێت.

جاران.. وەهمم مانایەکی گچکەتری هەبوو،

پەیداکردنی دوو باڵی قوڕاوی خەونێکی مومکین بوو

جاران.. ڕاکردن لەو ماڵانەی دەرگا ناپەرستن، ساناتر بوو!

هەنووکە..

خەریکە خۆر خۆی دەبێتە رووپۆش

خەریکە سەراب دەبێتە خاوەنی شوێن و

شوێنیش پێناسەیەک بۆ – با

هەنووکە خۆشییەکانی زمان دەرەقەتی ناخۆشییەکانی مانا نایەن

ماناکانیش بوونەتە کۆمەڵێک حەرف و ژمارە

کە بە خزمایەتییەکی دووریش ناگەنەوە رابردووم

ورده ورده له باپیرەم دەچم!

سروشت عەترم لێ دەبا و گوڵەکانم بۆ جێ دێڵێت

بارانم لێ دەبا و غوبارم بۆ جێدێڵێت

شەونمم لێ دەبا و بەرەبەیانم بۆ جێ دێڵێت

ئاوازم لێ دەبا و مەحاڵم بۆ جێ دێڵێت

بە دەم رۆژ شووشتنەوەوە،

بۆنی ورتە ورتێکی نزم.. زۆر نزمم لێوە دێت:
ئەو هەموو تاڵییە هی سێوێکە؟
منیش تێگەیشتم هیچ تەیرێک لەسەر شانم نانیشێتەوە و
پێش هەمووان دەمرم و
دوای هەمووان تێ دەگەم!
ئەو پرسیارانەی باپیرەم پێ گێژ کردبوو
منداڵەکانم لە منی دەکەنەوە:
مریشک چی دەپەرستێ و مێوژ کچی کێیە؟
بۆ دراوسێکان زێڕیان هەیە و ئێمەش خوا؟
منیش وەک پێم وابوو، گرینگ نەبووم!
ڕۆژێک بە دیار سەیرکردنی تەلەڤزیۆنەوە دەمرم و
کەس تێبینیم ناکا.

نیسانی ٢٠٠٩ سلێمانی

## پایزی زەعیم

لە پەڕاوێزی ڕۆمانی (پایزی پەترێرک)ی گارسیا مارکیزەوە

تێبینی: هەر کەسێک هەستی کرد ئەم دەقە ڕەفتارەکانی دەگرێتە خۆی، ئەوا هەڵەی ئەم نووسینە و ڕۆمانەکەی گارسیا مارکیز نییە، بگرە هەڵەی کار و کردەوەکانی خۆیەتی. خۆ ئەگەر خۆیشی تێدا دۆزییەوە، ئەوا پێش هەمووان پێشکێشە بە ئەو.

١

کەس بیری نایە لە کەیەوە بۆتە زەعیم؟
ئەوەی زانراوە کەسێکی ئاسایی نییە!
دەتوانێ کانزاکانی ژێر زەوی بخوات و
پێدەشت بە دارستانەوە بجوێت و
ڕووبار هەڵقوڕێنێ و ئاسمان بخاتە باخەڵییەوە!
مێژوونووسەکانی دەڵێن:
توانای زەعیم لە ئەفسانەکانیش بەدەرە،
دەتوانێت بە فووێک چەندان وڵات بڕووخێنێ!
بە هێمایەک مێژوو دروست بکا!
کارەبا دەخواتەوە و نالەرزێ!
نەوت دەخاتە گیرفانییەوە و نارژێ!

٢

زەعیم هەمیشە گلەیی لەوە دەکا،

وڵاتێکیان داوەتێ لە هاویندا پلەی گەرمای دەگاتە پەنجا و قسوور!

لە زستاندا فرمێسک لە جادەکانیدا جۆگەلە دەبەستێ!

پایزانیش لە جیاتی گەڵای درەخت،

ئومێد لە بەژنی مرۆڤەکانیدا هەڵدەوەرێ!

لە دنیا هێندە نەگبەت بوو،

تەنیا دەزانێ فەرمان دەربکا!

دایکی گوتەنی بریا دارتاش بووایە، یان معاون توبی،

یان هیچ نەبێ، هونەرمەند.

بەڵام تەنیا دەزانێ فەرمان دەربکا!

هەموو سامانەکەی وڵاتێک و فتقێکە

کە دەنگی ژانی زۆر لە فیکەی کتریی دەچێ!

٣

دایکی.. لەگەڵ ئەوەی هەموو شتێکی وڵاتەکەی بە ناوە،

بە گسک راوی خزمەتکارەکان دەنێ،

گوایە دەستبڵاون و

شەکری زۆریان لە چایەکەی باڵیۆزی تورکی کردبوو!

هیچ عەرەبانەیەکی سەوزەفرۆش نەیدەوێرا نزیک کۆشک ببێتەوە،

ئامادە بوو شین و مۆر ببێتەوە لەسەر نرخی دەسکێک کەوەر.

بە بۆیەی دەرگا و پەنجەرە چۆلەکە و زیقاوی رەنگ دەکرد و

بە ناوی بولبول و کەناریەوە بە وەزیرەکانی دەفرۆشتەوە!

وێڕای پاڕانەوەمان، لە بەرچاوی میوانەکان و لە تەنیشت هۆڵی کۆبوونەوە،

دەستی لە عادەتی سووتاندنی قشپل هەڵنەدەگرت،

تا لە دانیشتنەکاندا مێشوولە نزیکی کوڕەکەی نەبێتەوە!

رۆژێکیان ئابرووی بردین،

کاتێ کوڕەکەی بە بەرگی سەربازی و بە تەواوی میدالیا ئاڵتونییەکانی سەر سنگی

لە تەک سەرۆکی میواندا سەرقاڵی پشکنینی پاسەوانی شەرەف بوو

خانم، بە تەنگەتاو سندووقێک شووشەی بەتاڵی بیبسی دایە دەستی زەعیم و گوتی:

مادام هەر دەچیتە دەرەوە،

لەگەڵ دەستی خۆت ئەم شووشانە بدەرەوە دووکانی سەری فەرعەکە!

بەوەندەش نەوەستا و هاواری کرد:

گەر دەمزانی کوڕەکەم دەبێتە شت و

ئەو هەموو سەرە سۆدە و مێخ زنجیرە دەبەستێ،

دەمناردە مەتکەب.

٤

زەعیم ئەو رۆژنامەیە دەخوێنێتەوە،

کە خۆی بۆ خۆی دەری دەکا.

پێی سەیرە چۆن نووسەرەکان،

لەو (نەخێر)ە گەیشتبوون کە بیری چوو بوو بیڵێ؟

یان ئەو زۆڵانە چۆن زانییان مەبەستی لەو نەخێرە (بەڵێ) بوو؟

٥

زەعیم لە یاریی شەترەنجیشدا قەڵای خۆش ناوێ،
چونکە راستەڕێ دەڕوا .
حەزی لە بازە خوارەکانی فیلە!
(قەڵا لە پاشا دوورە و فیل نزیک)

٦

له منداڵییەوە دوژمنی بیرکارییە

تێ ناگا چۆن هەموو ژمارەکان یەکسان نین بە یەک؟

وەک چۆن میللەتێک یەکسانە بە ئەو!

٧

له مێرد منداڵییەوە رقی لە فیزیایە!

خۆی گوتەنی: زەعیم پێویستە دوو تەمەنی هەبێ،

یەکێک بۆ پارە کۆکردنەوە و

یەکێک بۆ خەرجکردنی!

٨

لە ئەزەلەوە حەزی لە کیمیایە..

سەری مامۆستایەک بگوازەوە بۆ لەشی جاشێک!

سەری تاوانبارێک بگوازەوە لەشی پارێزەرێک!

کیمیا رێگەی پێ دەدا

چۆنی بوێت سەرەکان بگوازێتەوە!

٩

زەعیم هەموو شتێکی لە پێناو ئێمەیە، ئێمەی بێ وەفا:
کارگەی جگەرەی داناوە بۆ ئەوەی بە دیار دەسکەوتەکانەوە بە بای دەین.
کارگەی کلێنسی داناوە فرمێسکی خۆشیی پێ بسڕین.
کارگەی دەرمانی داناوە و هێند پەرۆشە
لە گەچیش حەب دروست دەکا.
باخچەی کردۆتەوە تا بە پارەیەکی کەم
منداڵەکانمان کەروێشک ببینن.
کەچی لە پاشملە دەچرپێنین:
لای ئەو.. تەنیا پارە، ریوایەی سەحیحە.
لە راستیدا هێند نەدارە، ئاو چییە ئاو؟
ئاو دەخاتە بتڵەوە و دەیفرۆشێ!

١٠

دروستكەری وەرزەكانە

بە قسەكانی بەهار دێنێ،

بە كردەوەكانیشی پایز!

١١

تاكە كەسە بتوانێت

بە گوفتاری، مانا بسڕێتەوە!

بە کرداری، جووڵە لە جووڵە بخات!



تەڵعەت تاهیر (٦)

١٢

زەعیم راستی لە دواوەی ناڕوا،
راستی بۆتە فەرشی سوور و بەسەریدا گوزەر دەکا.
خەڵاتی ئازایەتی دەداتە ئەو کەسانەی شتی دەگمەنیان هەیە:
چاویان دەبینێ و سەریان کوێرە!
پیت دەناسنەوە و رستە نازانن!
دەنگیان نایە و دەنگ دەدەن!
زەعیمی موفەدا،
لە رۆژی مافی ژناندا پرێمز دابەش دەکا!
لە ساڵڕۆژی منداڵاندا باس لەو موعجیزەیە دەکا
کە چۆن بەر لەوەی پێ بگرن، فێری کڕنۆش بوون!
ئەو لاوانەی خۆش دەوێ تەسبیحی قەزوانیان پێیە و
بۆینباخ نەبێ هەموو شتێکیان دەچێتەوە سەر باپیران!
ئەو ژنانەی بە دڵە،
بە شیلە ریشیان دەکەن و
بە داو سمێڵیان هەڵدەگرن!

١٣

زەعیم گوناحە..

تا ئێستا کەس خەبەرێکی راستی پێ نەداوە!

ژەمێکی بە تێری نەخواردووە!

پاسەوانەکانی بە پاساوی ژەهر،

نیوەی چێشتەکەی دەخۆن.

لە ترسی ئەوان، هەنگوین لە کونی دیوار دەشارێتەوە.

ناچارە بە دزی دکتۆرەکان ساوار بە گۆشت بخوا.

ژیانی تایبەتیشی نەماوە،

ناتوانێت بکۆکێت، بپشمێ، دەیخەنە سەر لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان و

تیشکی دەخەنە سەر و لەژێر رۆشناییدا وتار دەنووسن!

بێ بەختیەکەی گەیشتە ئەوەی تووتی ماڵەکەی ڕای کرد و

قسە نهێنییەکانی شەو و ترسەکانی لە کودەتا و

فیکەی کترییەکەی بردە سەر جادە و ناو خەڵک،

بە دەنگە زیقنەکەشی لاسایی قاقای ژنە خزمەتکارەکان و ئامۆژگارییەکانی دایکی دەکردەوە:

– رۆڵە هەندێ پارە لە پشتییەک بشارەوە. گیانی دایە لەو کورسییە بتهێننە خوارەوە هیچ ئیشێک نازانی. ئاخر تۆ قەسابیش نەبووی! یان خۆزگە دەنگت خۆشبایە! ئێستا شوکر، وەزیرەکان مریشکم بە ناوی چین و ماچینەوە لێ دەکڕن، لەو کورسییە بتهێننە خوارەوە ئەوەش نامێنێ. کەسی دایە، هەردووکمان پیر بووین، بتهێننە خوارەوە دەبێ تەنیا سەیری ئەلبوومی وێنەکانت بکەیت، منیش حەوسەڵەم نەماوە، چیی تر سەڵکە پیاز و دۆشاوی تەماتە و ژێرپیاڵە خوێ، لە دراوسێکان قەرزکەم.

مەیبینن لە وێنەکاندا پێ دەکەنێت، زەعیم گوناحە.
گندۆرەیەکی بە قەڵەمبڕ پاک نەکرد و ترسی ژەهری نەبێ!
لە نیوەشەواندا سەلاجەی بۆ قومێ ئاو نەکردەوە و ترسی تەقینەوەی نەبێ!
بۆینباخێکی نەبەستا پەتی سێدارەی بیر نەهێنێتەوە!
ژنێکی نەبوو پشتی بشوات و ئێواران شۆربای نیسکێنەی بۆ لێ نێت و
بڵێ پیاوەکە خۆشم دەوێیت و پەتاتەشمان نەماوە!
کەسێکی نەبینی هێندەی سڵ لە قسەکردن دەکاتەوە،
نیو هێندە لە پیربوون بترسێ!
نەک وەهمی سەرکەوتن، کەس نەبوو تامی دۆڕاندنێکیشی بداتێ،
دۆڕاندنی دەستە دۆمینەیەک.
کەس نەبوو لە بەرامبەریدا پێڕێکی پۆلیسیش دروستکا و دابەزێ!
لە تاوڵەدا قاپوتێکی بۆ بکا!
بە حەسرەت بوو سەر بۆیاخکراوێک،
داشێکی دامەی بە خۆڕایی بداتێ و لە بریدا داوای شتێک نەکا!
ئای.. لە یاریشدا کەس راستی پێ رەوا نەبینی!

## ١٤

لەگەڵ ئەوەی پێیان گوتین: چەندە منداڵێکی ساوا پێویستی بە فێربوونی ژەنینی شمشاڵە، ئەو، نیو ئەوەندە پێویستی بە زانینی راستییە! ناچار بووین بۆ قەرزی سەر بۆیاخکراوەکان بچینە لای زەعیم. رێگەیان دا سێ کەسمان بچینە ژوورەوە. یەکەو جزمەیەکی سەقف تێکردنیان لە پێ کردین، لەناو قوڕاوی رەنگاوڕەنگ بە بۆیەی دەرگا و پەنجەرە، سەربازێک کە هەر پێ دەکەنی بە پێشمان کەوت، لە حەوشەکەدا مریشکی نیوە رەنگکراومان بینی، دەنووکیان لە وەهمی گوڵەبەڕۆژەی ئەو فەرشانە دەدا بۆ وشکبوونەوە بە پەیکەرەکانی زەعیمدا هەڵخرابوون، پیرێژنێکمان بینی مانگای دەدۆشی و پرتە و بۆڵەی بوو، سەربازەکە گوتی: ئەمە دایکی وەتەنە. تێگەیشتین پرتە و بۆڵەکان بۆ ئێمەیە: چیتان لە کوڕەکەم دەوێ؟ هەیەتی و نیەتی کورسییەک و فتقێک، نەک خۆی، ئەم مانگایەش لە ماڵەکەیدا هیچ نییە بیخوات، قازانی شیرەکەی لار کردەوە نیوەی بە تاڵ بوو. ئەوە نییە کاغەز کاوێژ دەکا؟ خۆزگە کاغەزی رەنگداریش بووایە، نەخێر رۆڵە، لەو کاغەزە جووت پەڕە خەتدارە خورشیدیانەیە کە ئەو میللەتە چاوبرسییە شەکوای لێ دەنووسن!

بینیمان: زەعیم بە تەنیا لەسەر مێزێکی نانخواردنی نۆزدە کەسی دانیشتبوو، بە چاکەتێکی سپی کەتانەوە چاویلکەی خوێندنەوەی هێنابووە سەری لووتی، زۆر پیرتر بوو لەو وێنانەی بەیانیان لە رۆژنامەکانیدا سفتاحی مەراقمان پێ دەکرد، جەستەی بۆنی گیای زەردباوی سەر ئەو سەتڵە ماستانەی دەدا لەبەر هەتاوی چاوەڕوانیدا ترشابن. رەنگی دەستەکانی، کەسکێکی رەشباو بوو، لە بری موو، قەوزەی تەنکاو و پونگە و کوزەڵەی تەنیشت جۆگەلەی گرتبوو کە لە مەنجەڵی شەونخوونیدا بە ئاگری کزی دەسەڵات کوڵابوون، لووتی گرنج گرنج بوو لە شێوەی بەردەپێی حەمام کە چەندان سەدە لەژێر رەحمەتی کەفاو بووبێ، چاوەکانی لە چاوی ئەو پیرەمێردانە دەچوو لە بەردەمی مزگەوتەکاندا مووس و سیواک و لاستیکی بێجامە دەفرۆشن و هەموو گفتوگۆکان بەرە و ئاقاری رۆژانی رابردوو دەبەنەوە. هێندە بێکەس و ماندوو دەهاتە بەرچاو پێمان سەیر بوو ئەو هەموو ساڵە رقمان لەو خێر و عەشق لەخۆ نەدیوە بۆتەوە!

بە هێمنیی حووتێکی بە سالآچوو فەرمووی قسەکردنی لێکردنین.

بۆمان روون کردەوە کە سەر بۆیاخکراوەکانی حاشییەی هیچ نەماوە لێمانی نەبەن!

چونکە بەڕێزیشی یەکەکانی پێوان و پرۆسەی لۆگاریتم و بڕگە قوچەکییەکان و هاوکێشەی لێ کەوتە و خشتەی لێکدانی نەدەزانی،

ناچاربووین لەسەر شێوەی داپیرەمان ژمارەکانی بۆ روون کەینەوە:

گوتمان: سەر بۆیاخکراوەکان (سێ بیست و دە) کە دەکاتە (حەفتا) جار زیاتر لە بەرهەمی سالآنەی باخەکانی بۆکان، میوەیان بە قەرز بردووە!

بە هێمنی لەبەرخۆیەوە چرپاندی: ئاخ.. ئاخ.

– بەڵێ زەعیم: پیاوەکانت، بە ڕووبەری دووجاری هاتوچۆی نێوان ماردین و مەخمور،

قوماشی کشمیری تورکی و کرێشەی هندی و کریپ و مۆزلین و جەرسە و هینم دیارە و سەتەن و تیترۆن و چاوماریان، بۆ ژنەکانیان بردووە!

گوتی: ئاخ.. ئاخ.

– بەڵێ قوربان: بە قەد قورساییی قەلآتی هەولێر،

قەڵەم و بۆینباخ و نەعلی توبی و جانتای دبلۆماسی و موعەتەری ژێربال و مقەویات و عەینەکی شەمسی و کەڤەر و مەقلی و شیشی کەباب و پەرداخی سەفەرییان بردووە!

گوتی: ئاخ.. ئاخ.

- بەڵێ چاوەکەم: بە قەد قووڵاییی شەش سەد و حەفتا و یەک مەسبەحی چوار مەتری،

وێسکی دەمپڵ و شیفازی سالوت و بلو لێیبڵ و ئۆڵپار و بەلانتاینیان بە خۆڕایی خواردۆتەوە،

وەک داشکاندنێکیش بۆ جەنابتان باسی مەززەکان ناکەین، کە تەنیا بابەغەنوجەکەی بە قەد رووبەری یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ دەبێ!

گوتی: ئاخ.. ئاخ.

- بەڵێ گەورەم: بە قەد درێژاییی تەلی عەموودەکانی کارەبای نێوان پێنجوێن و غازی عەنتاب، تەسبیحی عاج و کرمان و کەهرەب و سەندەلوس و قەزوانی لاسوورەیان لە پەنجە ئاڵاندووە!

گوتی: ئاخ.. ئاخ.

- بەڵێ جەناب: بە قەد خەرمانی هەموو گەنمی دەشتی قەراج،

بۆیاخی رەش و رەشی بۆز و باینجانی و قاوەیی و خورماییـیان بۆ سەر و سمێڵیان بردووە!

گوتی: ئاخ.. ئاخ.

- بەڵێ حەیاتم: بە کرێنی گەورە گەورە: وێڕای کانی و سەوزایی، گرد و گردۆڵکە و هەورازی گوندەکانیان بۆ مەزرەعەکانیان گواستۆتەوە. بە دەراسەی گەورە گەورە: سلاوی بەیانیان و سەرەخەوی دوای نیوەڕۆ و سەرخۆشیی شەوانی شارەکانیان دروێنە کردووە.

دەخیلەی ساواکانیان کردۆتە ئینجانەی پەنجەرەکانیان.

مانگیان وەک دەرهەمێکی زیو کردۆتە زینەی ماڵ.

هەتاویان وەک لیرەیەکی ئاڵتون خستۆتە قاسەوە.

نیوەی خەڵکیان فرۆشت و بە پارەکەی، دەیانەوێت نیوەکەی تر بکڕن.

قەڵەمی مەکتەبی منداڵەکانیان بردین، مێژووی خۆیان بە ئاوەژوویی بنووسنەوە.

شیری گوانی مەڕوماڵات و مەمکی ژنەکانیان بردین، وەچەی خۆیان پێ گەورەکەن.

دوعای بەربانگیان بردین، تا لەو دنیاش هەر ئێمە بسووتێین.

گوتی: ئاخ.. ئاخ،

ئاخ.. ئەمانە بە پیری ئەو شتانەیان دەسکەوت،

کە لە منداڵیدا پێویستیان بوو!

١٥

ئای دایە.. دایکی من و ئەو وەتەنەی پلەی گەرمای دەگاتە پەنجا و قسور،

هەرچەندە موسەنا و سولاس و روباع و توساع، ژنم ناسیوە،

بەڵام کەسیان خۆشی نەویستووم!

ژنێک.. ترسەکانمی لە پەنادا بشارمەوە و

جوانییەکی روون بداتە دنیای ئاڵۆزم.

بمکاتەوە ناوێکی سادە.

بە چاو تام بکرێت و تامێکی ئاشکراش بێ بۆ میوەیەکی شاراوە.

نەخێر.. لە ژیانمدا ژنێک خۆشی نەویستم!

شەوان وردە غەزەل و خۆشی درشتم دەخستە باوەشیانەوە،

کەچی ئەوان بە ناوی یارییەوە ماچیان بە پارە دەدامێ!

لێوگەستن و ئاخ و ئۆفیان پەیوەست بوو بە ژمارەی لیرەکانەوە!

چاوقایمانە دەیانگوت: لیرەی زیاتر بدە و نقەی زیاتر ببیستە!

میدالیاکانت فڕێدە، چونکە لە سینگم دەچەقن!

گۆزی فتقەکەت لێکەوە، بۆنی ئیسفنجێک دەدا تەپڵەکی جگەرەی سڕیبێتەوە!

بە بێزاریی بێوەژنێک، لە گۆڕستاندا بەشوێن قەبرێکدا بگەڕێ،

لە شمشێری پیاوەتیم دەگەڕان!

بەیانیانیش لە جێگەکەمدا دەستم بۆ دەگێڕان و لە پاڵمدا نەمابوون:

گیرفانەکانیان پشکنیبووم،

موورووی سەوڵەجانەکەمیان بردبوو،

یان چوارچێوەی ئاڵتونیی چاویلکەکەمیان دەدزی،

یان بە ددان ئەستێرەی ئەڵماسی سەر شانی پاڵتۆ سەربازییەکەمیان قرتاندبوو!

لە بری نامەی دڵداری، لە جیاتی لە دڵەوە بۆ گوڵ،

عەریزەی عەرزە وەرگرتنیان بۆ دەناردم!

لە دواییشدا، لە دانیشتنی بەردەرگا و جلشۆرین و چنینەوەی لیفکەدا

بە تەنزەوە دەیانگوت: زۆری دانا و کەمی برد!

هەتا ئەو مەدرەسەی کچانی تەنیشت کۆشکە خەمبارەکەشم،

دەرچوو مەدرەسە نەبوو:

سەر بۆیاخکراوەکانی حاشییەم کچەکانیان هێنابوو،

گۆرەوی سپی و کورت بە قردێلەیان لە پێ کردبوون،

بە تەوقە کەزی دەسکردیان بەستا بوو!

منیش.. ئای دایە..
بە حەربەکەم کونێکم لە تەلبەندی مەدرەسەکە کردبوو،
دەمە و عەسران لەسەر ئاگر چاوەڕێی ئەو کۆترە کچانەم دەکرد،
بە پسکویتی باڵیۆزی هۆڵەندی و
بەو لەتە کەبابە ساردانەی لە پاسەوانەکانم شاردبۆوە، راوم دەکردن!
دەلاقە بوون لە گۆڕی تەنیاییم،
قسەیان، مووتوربەکردنی رەعشە بوو بە درەختی جەستەمەوە.
بە نیگایان، ئاوی وەستاوی گۆمی گۆشەگیریم دەبووە هەڵم.
فتقەکەم لە فیکە دەکەوت!
وەک ئەوەی گونکە هەویر بێ،
دەیانخستە ناو لەپی بە ئارەق تەڕیان و بە میهرەبانی دەیانلاواندەوە:
(بنوو، بچکۆلەکەم، بنوو).

دەزوو بوون بۆ بەستنەوەی برینم بە سرووستەوە.
درزێک بوون لێیەوە باران،
بە گونیەی وشکی دەسەڵاتم دەکەوت،
کە بەسەر باینجانی پیری رۆژەکانمدا دادرا بوو.
تا رۆژێک.. ئای دایە،
دایکی من و ئەو خەراباتەی پلەی گەرمای دەگاتە پەنجا و قسور
تا رۆژێک بە رێکەوت لە کچێکیانم پرسی: پۆلی چەندی؟
گوتی پۆلی چی بەڕێز؟
من ناخوێنم!
دەستی برد و کەزییە دەسکردەکەی لێ کردەوە!
سەدریەی لەسەر سکە پڕەکەی لابرد!
پێی گوترابوو: مەترسە، خەڵەفاوە و هیچی پێ نەماوە و
تەنیا لەتە پسکویت بە گێلاسی لێوت و
بە قۆخی تەڕ و توکنت دادێنێ و تامی دەکا!
ئای دایە، دایکی من و ئەو قیامەتەی پلەی گەرمای دەگاتە حەفتا و قسور
سکم بە خۆم سووتا کاتێ گوتی:
پێم سەیرە تۆ پسکویت بە ژێرەوەمان دادێنیت،
لە کاتێکدا لە سەرەوە نانمان نییە بیخۆین!

١٦

زەعیم دەیەوێت سادە بژی.

لە بەرچاوی کامێراکان،

بەری نەشۆراوەی باخچەکان دەخوات و

وەک پسپۆڕێکی کشتوکاڵی بە پێکەنینەوە دەڵێت:

پەیینی کەمە و

پاشەڕۆی بیست و شەش گوێدرێژی نەخەساوی بۆ تەرخانکەن.

بۆ ئەوەی لە میللەت نزیک بێ،

چوار لای لاندگرۆزەرەکەی نارنجی کردووە،

گوایە تەکسییە و بەنهێنی بەشوێن گرفتەکانی خەڵکدا دەگەڕێ.

١٧

وێنەکانی، وشەکانی، قسەکانی، ماناکانی، ڕۆژەکانی، بورجەکانی کۆشکەکانی
پارچەی گومانن و بەسەر شۆستەکاندا رژاون،
چوونەتە ناو پیاسەی خەڵک و
شەربەتی مێوژ و
پاقلەی کوڵاو و
زەرفی چەرەزات و چای خەڵووز.
چوونەتە ناو نوزانەوەی نزمی منداڵە کلێنس فرۆشەکانی سەرجادە.
ناوی، کۆمەڵە حەرفێکی دەرەوەی ئەلف و بێن و
نوقمی مەرەکەبی خەمە نەنووسراوەکانە.
ئەو ئاڵایانەی لە باڵەخانەکانیدا دەشەکێنەوە،
دەسرۆکەی خواحافیزین.
دەسەسڕی فرمێسکن.
دەسرۆکەی خواحافیزین لەو تەیرانەی ژێر باڵیان پڕە لە متمانە.
دەسەسڕی سڕینەوەی فرمێسکی ئەو منداڵانەیە،
بە ڕۆژ.. عەبای دایکیان ڕادەکێشن بۆ کڕینی قەڵەمی ڕەنگ،
شەویش.. بەدیار فانۆسەوە سەعی لە نەخشەی نیشتمان دەکەن!

١٨

هەموو شەوێک لە خەودا، خەون بە نووستنەوە دەبینێ!

هەموو ڕۆژێک لە ئاگاییدا، کەسێک تیایدا نیشتەجێیە کە نایناسێ!

بەر دەخوات، بەڵام دەستی لە جوانییەکانی درەخت بەربووە.

لە کۆشکدایە، بەڵام پێی لە خۆشییەکانی پیاسە بەربووە.

کۆتری هەیە و بێ پەنجەرەی دۆست.

ترێی هەیە و شەرابی نییە!

هاواری هەیە و نابێتە گۆرانی!

بۆ نەدەکرا لیرە و جوانی لەسەر یەک چرپا بخەون؟

ئاخر ناشێت نان و زنجیر لەسەر یەک سفرە دانیشن.

ئەوەی کەشتی هەبێت، نابێتە خاوەنی – با

جوانی ناتنووسێ، گەر دزێوی بتخوێنێتەوە.

ئەوەی دیواری هەبێت،

لەوانەیە لێ نەگەڕێ نەخۆشی بێتە ژوورەوە،

بەڵام مردنی بەستاوەتەوە!

دەشێ شوراکان رێگە لە وەڵام بگرن،

بەڵام پرسیاریان پێ زیندانی ناکرێ.

١٩

هێڵی تەمەن لە دەستەکانیدا نابینرێ.

ناو لەپی، وەک پێستی سکی بۆقێکی پیر،

ساف و جیڕە!

زەعیم:

زیندووێکی دیاری،

مردنێکی نادیارە!

پایزی ٢٠١٠ سلێمانی

## له بەردەم سێوەکەی بۆدلێردا

١

دوای خوێندنەوەی ـ با،
باوەڕت بە باران هێنا کە منداڵیی ئاوە و
میوانە لای ئەو درەختانەی بێچووە گەڵاکانیان دزوونن.
لەودیو دارستانێک لە مەجاز دەتبینم،
دەنگت بە هەڵم دەشۆیت و
بەو گوڵەش دەڵێیت – کە ناوی ناهێنم:
(ئاگر شوێنێک ناسووتێنی فرمێسکی بەرکەوێ)

٢

تۆ کە پیشەت گۆرانییە بۆ لۆچەکانی فەرهاد

تینوێتیت بەچی دەشکێ؟

دەست درێژکە،

شەریانی جۆگەلەیەک لە کانی راکێشە و هەڵی مژە!

برسێتیت بەچی دەشکێ؟

فەقیر.. نانێ لە قەیسی بخۆ و

پێی پەپوولەیێ بکرۆژە!

من ئەوەت پێ دەڵێم کە خەون دەیڵێت،

نەک سروشتی توخمەکان.

٣

حەرفی ــ ر

بگرە دەست و مانا بە ئاگا بێنە..

چی بڵێینە ئەو منداڵەی یەخەمان دەگرێت،

پێنج دیناری ئاسنی بۆ بکەینە خەندەیەکی کاغەز؟

بە مانا بڵێ: رەوا نییە مووەکانمان لە سپیبووندا،

ئەو هەموو رەهەندە بدەنە سپێدە!

شیاو نییە فرمێسکەکان،

ئەو هەموو چەمکە بدەنە باران!

٤

من بەم کوژانەوەیە
بە سپیم گوت گلەییم هەیە،
ئەگەر مانات رووتبوونەوەیە دەفەرمووێ:
تام، بۆن، رەنگ، کچێنی ئاون،
بۆ دەسگیرانێک هەڵی گرتووە نایناسم!
تۆ بەو داگیرسانە شەوت بریندار کرد..
نەتزانی رەش مێینەی تاریکییە؟
رەش رۆحدانی پرتەقاڵییە لە خۆرنشیندا؟
رەش بەستەزمانە..
بە منداڵیی ئەویش رەنگ بوو،
بە بوختانی رۆشناییی ئاو لە ماڵەکەی دەری کرد.

١٩٩٦ هەولێر

## ساتێک پێش هاتنی ڤەرجیل

لە تۆوە وشەیەک بەس بوو.
بەم پەیڤە نهێنییەکە تەڕ دەکەم و لە مەمکی نەگوتنت دەکەمەوە.
حیکمەتێکی سوونەتکراوە ئەم سەرەتایە،
بێ کەڵکە بۆ وەسفی ئەو ساتانەی،
زەمەنمان بە ماچ دەپێوا و شوێنیش بە وڕێنە.
بیاتریس..
ئەڤینی هەڵمە وام لێ دەکات بڵێم:
شەونم پیرۆزە و ئیهانەکردنی ئاو لە خواردنەوەیەتی!
ناچارم بە گەشبینیت بشووبهێنم
دەنا زەمان بە دەفر دەچووێنم
دەفرێک.. قومێ لە گوڵە شەهلاکان ناگرێتە خۆی!
دەفرێک.. جێگەی چۆڕێ سێبەر نییە،
سێبەرەکانی بەهەشت.

من لە دۆزەخی گوماندا چەند پرسیارم بە گڕ پێ دەشوریتەوە؟
لە پرسەی بە سەرابیوونی چەند نزا دانیشم و بڵێم ــ خۆتان خۆش؟
من ئازایەتی – با–شم نییە،
لەم وڕێنە نازەنینە تۆ یەکلا بکەمەوە و بڕیاردەم خۆخی یان هەرمێی؟
پێم باشە خۆم کۆکەمەوە.
پێم باشە هێور ببمەوە،
خەریکی وشککردنەوەی بامییەکانی مەراق بم و
دیقەت بدەمە جوانییەکان.
پاشان وانەکەم لە مانای موناجات ناگەم و
نازی درکاندنم پێ راناگیرێ.

بیاتریس..

بە پەلکی گوڵەکانی بەهەشت،

دەنکە زیخی ئەو وەسفە نارێکانە لە سپێنەی چاوم دەربێنە.

با ئەو چاوانە بناسم بەردەکان دەکەن بە گوڵ،

تا ئەو چاوانە نەناسم گوڵەکان دەکەن بە بەرد.

ئەو گرفتە ئیبلیسیانەم لێ دوورخەوە،

تا بە حیکمەتی یادگارییەکان باوەڕ بێنم،

کەوا من هەموو شەڕەکانم نەدۆڕاندووە.

لە تۆوە وشەیەک بەش بەس بوو،

وشەیەک بەس بوو بیاتریس،

حەرفێکی بتوانێ بڵێ:

سێوێک ئەوەندەی دەهێنا؟

زستانی ١٩٩٢ هەولێر

## هەموو ساڵێ خۆشەویستم بیت*

١

هەموو ساڵێ خۆشەویستمی
بەتۆی ئەڵێم
کە کاتژمێری شەوی سەری ساڵ
گەیشتە سەر دوانزەی تەواو
ساڵی پاریش وەکو کەشتیێکی کاغەز
لە ئاوی خەمەکانی من نوقم ئەبێ
بەشێوەی خۆم بەتۆی ئەڵێم
سنووری هەموو بۆنە و ئاهەنگەکان ئەبەزێنم
کە٢٠١٠ ساڵە خەڵک مامەڵەی پێ دەکەن
هەموو دەستەواژە کلاسیکییەکان ئەشکێنم
کە ٢٠١٠ ساڵە پیاوان بەگوێی ژنانی ئەچرپێنن

* ئیحای تەواوی ئەم دەقە هی شیعرێکی نزار قەبانییە، ترسام بڵێم شیعری نزارە و کەچی زۆربەی هی ئەو نییە، ترساشم بڵێم شیعری خۆمە و کەچی زۆربەی هی نزارە!

٢

هەموو ساڵێ خۆشەویستمی

ئەم سێ وشەیەی سەرەوە

بە دەزوویەکی ئاوریشمین ئەیهۆنمەوە و

سەری ساڵ بۆ تۆی ئەنێرم

ئەم وشانە هێندە گەورەن

ناوێرم بەخۆمی بڵێم

تا نەڵێن لەخۆباییيە

لە خەڵکانی ئەشارمەوە

نەوەک – دووربێ– لێم بدزن و

بڵێن سەرچاوەی هۆنراوە

لەلای ئێمە هەڵقوڵاوە

٣

له جەژنی سەری ئەمساڵدا دەستت ئەگرم و پێت ئەڵێم

با بە پەنجەی هەردوو دەستت بیژمێرین

یەکەم پەنجە:خۆشم ئەوێی

دووەم پەنجە: خۆشم ئەوێی

سێیەم پەنجە: خۆشم ئەوێی

چوارەم و پێنجەم،

شەشەم و حەوتەم،

هەشتەم و نۆیەم،

دەیەم پەنجەش: خۆشم ئەوێی

٤

هەموو ساڵێ حەبیبەم بیت

هەموو ساڵێ قوربانت بم

وەک چۆن ئاو ئەبێتە هەڵم و

بە قوربانی ئاسمان ئەبێ

وەک چۆن هەور

بە قوربانی باران ئەبێ

٥

هەموو ساڵێ

لە نیشتمانی چاوتدا

وەک پەنابەری ئەویندار بێنمەوە

وەکو ماسی، لە ئاوی چاوی چەپەوە

کۆچ کەم بۆ ئاوی چاوی راست

ئەو چاوانەی،

بازرگانەکان بەقافڵە لە هیندەوە رووی تێ ئەکەن

تاوەکو تیایدا کاکاو و

مۆز و

مێوژ و ئەنەناس بار بکەن و بڕۆنەوە

باڵندە کۆچەرییەکانیش لە هێڵی ئیستیواوە دێن

تاوەکو تیایدا قومێ ئاو

لەو دوو کانیلە فێنکە بخۆنەوە

ئەو چاوانەی بوونەتە مایەی گەمژێتیم

ئەو چاوانەی بوونەتە مایەی شێتێتیم

ئەو چاوانە دوو کتێبی ئاسمانین و

(بسم الله الرحمن الرحيم)

٦

له جەژنی سەری ئەمساڵدا

کە کاتژمێر گەیشتە سەر دوانزەی تەواو

ئەو دیارییەت پێشکەش ئەکەم

کە ٣٦٥ ڕۆژ لەبەرخۆما چرپاندوومە،

کە ٣٦٥ شەو گریاندوومی

ئەو دیاریەش دوانزە حەرفە:

چاوەکانت بنووقێنە

چاوەکانت بکەرەوە

(ز–ۆ–ر–م–خ–ۆ–ش–د–ە–و–ێ–ی)

٧

له جەژنی سەریساڵدا

كە گوتم خۆشم ئەوێیت و قبووڵت بوو

لافیتەیەک هەڵئەواسم

لافیتەیەک بۆ رابردووم

لافیتەیەک بۆ داهاتووم

لافیتەیەک بۆ گشت دنیا تیای ئەنوسم:

(من: نەک مەسیح.لەم رۆژەدا لەدایک بووم)

٨

که کاتژمێر گەیشتە سەر دوانزەی تەواو

من دوانزە جار بە گوێی تۆدا ئەچرپێنم: خۆشم ئەوێی

دوو پەنجە لە پێم قەرزەکەم

بە دوانزە پەنجە شایەتی جوانیت ئەدەم

من دوانزە جار هاوار ئەکەم

خۆشم ئەوێی کە کاتژمێر گەیشتە سەر دوانزەی تەواو

خۆشم ئەوێی پێش ئەوەی کات بگاتە سەر دوانزەی تەواو

خۆشم ئەوێی پاش ئەوەی کات دەگاتە سەر دوانزەی تەواو

خۆ تۆ تەنیا خۆشەویستیی کاتژمێری دوانزەی رێک نیت

نەخێر.. بەڵکو خۆشەویستی

هەموو چرکە و

رۆژو

هەفتە و

مانگەکانی تەمەنمی

٩

له کاتژمێر دوانزەی تەواو

دوانزە مۆم دادەگیرسێنین

بە چرپە بەساڵی پار ئەڵێین

ساڵی داهاتوو ببینە

چۆن بە ئەڤین

گوڵ لەسەر بەردیش ئەڕوێنین

١٠

له جەژنی سەری ئەمساڵدا
خۆت له شته باوەکان بدزەوه
بەخەنده باوەکان هەڵمەخەڵەتێ
سڵاوه باوەکان وەڵام مەدەوه
بەدەستی راست وەکو باوه تەوقه مەکه
تۆ کەسێکی بەخەڵکەوه نەبەستراوی
بەشوێنەگشتییەکانەوەش نەبەستراوی
تۆ مەخلوقێکی تایبەتیت،
هەر لای گوڵ و
پەپوله و
هەور ناسراوی.

١١

هەموو ساڵێ تاوانبارم بە دڵداریت
وێنەم لەسەر دیوار و دەرگای مزگەوت و
پۆلیس بدرێ
تاوانبارم.. وەک چۆن ئاسمان
بەڕەنگی شین تاوانبارە
تاوانبارم.. وەک چۆن کۆتر
بەهەڵفڕین تاوانبارە

١٢

خۆشەویستم

ئەگەر بەدەستی من ئەبوو

ساڵێکم بۆ تۆ دادەنا تایبەت بەتۆ

رۆژەکانی خۆت رایژەنی

چۆن ئەتەوێ هەفتەکانی وا دابەش کەی

لەسەر لمی کەناری مانگەکانیدا

رابکشێیت و بە ئارەزووی خۆت رابکەی

لەم ساڵە تایبەت بە تۆیە

تیایدا باران تەنیا ئەو کاتە بباریَ کە پێکەنیت

لافاو هەستێ ئەو کاتەی پرچت راوەشاند

ببێ بە شەو ئەو کاتەی کە چاوت نوقاند

بەس بەمەرجێ

زەمەن تیایدا حسێب نەکرێ

تەنیا ئەو کاتەی گشت ژنی ئەم دنیایە

لە بەردەم پێتا ئەسوتێن

بەس ئەو کاتەی دەستەکانت

وەکو دوو چۆلەکەی ماندوو

لەناو دەستما رائەکشێن

١٣

له جەژنی سەری ئەم ساڵدا

گەوەرەترین گرفت ئەوەیە،

نازانم ناوت بنێم چی؟

له ترێ ئەچیت و ناچی!

هەناریش ناوێکی کۆنە!

لیمۆ چۆنە؟

نا تۆ ناوێ بدۆزەوە،

تا ئەو کاتەش رێم پێ بده بانگت بکەم:

(خۆشەویستم)

دیسەمبەری ١٩٩٠ هەولێر

## پێڕست

گوزەرێک بەنێو نێوە جوانەکانەوە ..... 5
ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبم بە خۆم ..... 13
لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی ..... 26
بە بۆنەی چۆلەکەیەک بەسەر شانی داهۆڵەوە ..... 39
ئەگەر لەوێیت.. دێم ..... 50
سروودێکی دیکەی سولەیمان ..... 57
تۆ و بەس تۆ و... تاد ..... 63
پایزی زەعیم ..... 71
لە بەردەم سێوەکەی بۆدلێردا ..... 98
ساتێک پێش هاتنی ڤەرجیل ..... 102
هەموو ساڵێ خۆشەویستم بیت ..... 105